**گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی و هونەرییە**

**زانا خەلیل و باهۆز مستەفا دەریدەکەن.**

**ژمارە_3_**

**زستانی 2021**

_گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی و هونەرییە.
_زانا خەلیل و باهۆز مستەفا دەریدەکەن.
_ژمارە (سێ)ی زستانی 2021
دیزاینی بەرگ: دەراو خەلیل
دیزاینی ناوەوە: زانا خەلیل
_تیراژ: 500

## بۆ ئەو ژمارەیە:

بەڕێوەبەرانی گۆڤار:


_زانا خەلیل........................................6

_باهۆز مستەفا.................................37


بەشداربووانی ئەو ژمارەیە:


_ دڵشاد عەبدوڵڵا...............................63

_شەمال ئاکرەیی...............................73

_عومەر کەریم..................................88

_بەڕۆژ ئاکرەیی...............................100

_لازۆ ئازاد.....................................119



# زانا خەلیل

# شیعری چەند شاعیرێك، کە تاقەتی ژیانیان نەما و خۆیان کوشت، لە کتێبی «سیجيء الموت وستکون له عیناك»ی

## جومانە حەداد




## و: زانا خەلیل



**سێرگی یەسەنین (1925_1895)**
**شاعیری رووس.**

# گوێبگرە ئەی دڵی قێزەونم

گوێبگرە ئەی دڵی پیس و قێزەونم
ئەی دڵی هیچ و پووچی سەگ
ئەی دڵم، ئەو چەقۆیەی دەستم بۆ تۆیە،
بۆ تۆیە ئەی دزی پیر.
زوو یا درەنگ
ئاسنە ساردەکەی
دەچەقێنمە نێو پەراسووەکانم.

ئایە دەتوانین تا ناکۆتا
روو لە ئاسۆی پڕوپووچ ڕاکەین؟
با واز لە گەمژەکان بێنین
با تا نەخۆش دەکەون
بە دەوری ئامانجدا بخولێنەوە.

ئەگەر شتێ هەبێ لەو دنیایەدا
ئەو شتە هیچ نییە جگە لە عەدەم.



**پاول سیلان**

**1970_1920**

# تاریکیی

ئێمە زۆر نزیکین ئەی خودا
نزیک و گەمارۆدراو.

رفێنراوین ئەی خودا
یەکمان خۆی بە ئەویترەوە گرتووە
وەک ئەوەی جەستەی هەر یەک لە ئێمە
جەستەی تۆ بێ ئەی خودا.

ئەی خودا نوێژ بکە
رووی نوێژت لە ئێمە بکە
ئێمە زۆر نزیکین.

بە ترس و تۆقینەوە رۆیشتین
بە چەمانەوە رۆیشتین
بەسەر حەوز و چاڵاودا.

چوینە گۆماو ئەی خودا
خوێنبوو.. خوێن
خوێنبوو رژاندبووت ئەی خودا.

وێنەت لەناو خوێندا
دەدرەوشایەوە
لە چاوەکانی ئێمەدا
عەکسی دەدایەوە ئەی خودا.

دەم و چاوەکان بەتاڵن
بەتاڵن ئەی خودا
خواردمانەوە ئەی خودا
خوێن و ئەو وێنەیەمان خواردەوە
کە لەنێو خوێندابوو ئەی خودا.

نوێژ بکە ئەی خودا
ئێمە زۆر نزیکین.



**تامیکی هارا**

**(1905_1951) شاعیری یابانی.**

# ئاوم بدەنێ

**ئاوم بدەنێ**
**ئاهـ ئاوم بدەنێ**
**ڕێبدەن بخۆمەوە**
**مەرگم پێباشترە لەو تینوویەتییە**
**مەرگم پێباشترە.**

**ئاهـ یارمەتیم بدەن**
**یارمەتیم بدەن**
**ئاو**
**ئاو**
**تکایە کەس لێرەیە..؟**

**ئۆهـ ئاسمان پارچە پارچەیە**
**شار ونبووە**
**ڕووبار پەنگیخواردوە.**

ئۆهـ
شەو دادەبەزێ
شەو دادەبەزێ
بەسەر چاوانی وشک
بەسەر لێوە کیمیاوی لێنیشتووەکان
گڕ دەگرێ و دەسووتێ
ئەو رووخسارە پۆدرە لێدراوە دەپێچێتەوە
هاواری مرۆڤی ژانگرتوو
دەپێچێتەوە.



**جۆرج تراکل**

**(1914_1887) شاعیری نەمساوی.**

# گۆرانی شەو_2_

وەرە دیدەنیم ئەی ئازار
برین داگیرساوە
گرنگی بەو ئەشکەنجەیە نادەم
تەماشاکە
لە برینەکانمدا
ئەستێرەیەکی لێڵ
لە شەودا دەپشکوێ.

وەرە دیدەنیم ئەی مەرگ
من پیاوێکی پێگەیشتووم.



**سارا تیسدایل**

**(1884_1933) ژنە شاعیری ئەمەریکی.**

# گۆرانی شەوانی _ئەمالفی_

لە ئەستێرەکانی ئاسمانم پرسی:
_چی پێویستە بیبەخشمە خۆشەویستەکەم؟
بە بێدەنگیی وەڵامی دامەوە:
_تەنیا بێدەنگیی پێببەخشە.

لە خوارەوە، لەو شوێنەی
کە تۆڕەوانەکە بۆی دەچێ
لە دەریای تاریکم پرسی:
چی پێویستە بیبەخشمە خۆشەویستەکەم؟
بە بێدەنگیی وەڵامی دامەوە:
_تەنیا بێدەنگیی پێببەخشە.

ئۆهـ..
من دەتوانم
گریانەکانمی پێببەخشم
من دەتوانم
گۆرانییەکانمی پێببەخشم
بەڵام چۆن دەتوانم
بە درێژایی ژیانم
بێدەنگیمی پێببەخشم؟

## کورتەچیرۆک



نووسەر: نادیار

و: زانا خەلیل

باوکێکی پیر و کوڕە بیست ساڵانییەکەی لەناو شەمەندەفەر دانیشتن و قیتار بەڕێکەوت، کوڕەکە بە دڵێکی پڕ لە خۆشییەوە دەستی لە جامەکە بردە دەرەوە تا هەست بە هەوا بکا و هاواری کرد: بابە تەماشاکە درەختەکان بۆ دواوە دەڕۆن.. باوکەکە بزەیەکی کرد.

لە تەنیشت باوک و کوڕەکە، ژن و مێردێک دانیشتبوون، هەڵسوکەوتی منداڵانەی ئەو کوڕە بیست ساڵەیان لا سەیربوو.

لەناکاو کوڕە هاواریکرد: بابە، بابە، تەماشای جۆگە و ئاژەڵان بکە، تەماشاکە هەور لەگەڵ قیتار دەڕوا.

ژن و مێردەکە بە سەرسوڕمانەوە چاودێری هەڵسوکەوتی ئەو کوڕەیان دەکرد.

باران وردە وردە دەباری، کوڕە لە خۆشییان گەشایەوە و چاوی داخست و هاواریکرد: بابە باران دادەبارێ و پێمدەکەوێ.

ژن و مێردەکە ئیدی تەحەمولیان نەما و لە پیاوە پیرەکەیان پرسی: بۆ کوڕکەت نابەیتە نەخۆشخانە تا عیلاجی بکەن؟

پیرەمێرد گوتی: ئەوڕۆ لە نەخۆشخانە هێناومەتە دەرەوە، دکتۆرەکان عیلاجی چاویان کرد و ئەوە یەکەمجاریەتی لە ژیانیدا دنیا دەبینێ.

## کورتەچیرۆک



# زەکەریا تامر

و: زانا خەلیل

## _لە چاوەڕوانی ژنێکدا_

"فارس ئەلمەواز" بە بێ سەر لەدایکبوو، دایکی گریا، دکتۆر بە ترسەوە هەناسەی هەڵکێشا، باوکی لە شەرمان خۆی بە دیوارەوە نووساندبوو، پەرستارەکانیش بەنێو هەموو نەخۆشخانەکەدا هاتوچۆیان بوو.
بە پێچەوانەی پێشبینی دکتۆرەکان فارس نەمرد، زۆریش ژیا، بە درێژایی ژیانی نە بینی و نە بیستی و نە قسەی کرد و نە پەشیمان بۆوە و نە کارییشی کرد.. خەڵک حەسوویان پێبرد و دەیانگوت: ئەو زیاتری بردۆتەوە لەوەی کە دۆڕاندوویەتی.
ئیدی فارس وازی لە چاوەڕانی ژنێک نەهێنا کە بە بێ سەر لەدایکببێ تا جۆرە بەشەرێکی نوێ بێننە وجود.



## بۆ زانا خەلیل
## هاشم سەڕاج

لیمۆ ترشە نارنجییەکانی دیلان
دیلان
دیلان
دیلان
دیلان
لیمۆ ترشە نارنجییەکانی دیلان
دیلان
دیلان
دیلان
دیلان
بە تۆی دەسپێرین

ناسکترین بەهرەی کوڕە خانەدانێکی
خەیلانی و خەیلانی و خەیلانی و
توو تاووسەکانی ئێزید
لە دووتوێی دڵە سووتاوەکەت و
ستیانە رەشەکانتدا بیپارێزە و
ئەو ئازیزترین فرۆی
دەریاکانی ئەفرۆدێتی شیعرە
ئەو شازادی زناکە زناک زناک زناک
واز بێنە با هەناسە زیوییەکان
هەناسەدەن، هەناسە هەناسە هەناسە
تۆی گوناهباریترین دۆست/ ئەی عیشق
ئەو شازادی زناکە خێڵانییە خێڵانییە خێڵانیی
لیمۆ ترشەکانی جوانی ناوڕووشێنێ
ناوڕووشێنێ
ناوڕووشێنێ.

تاوەری هەولێر 11/5/1995



**بۆ زانا خەلیل**
**کەریم دەشتی**

## ناسینەوەی زیو

**ئەو رۆژە لەژێر سێبەرە هەزار رەنگەکەی قەڵا بینیم،**
**گیانی پڕ بوو لە تەمتومان**
**هەمیشە دەیگوت سەختە لەناو تاشەیەک بیت**
**لالەکان دایانڕشتبێ**
**تۆ بوێرێکی لە ژن و**
**ترسێکی لە پیاو**
**تۆ چەمکێکی لە رووباری ئەنەدۆڵ و**
**دڵۆپەیەکی لە ورمێ**

تۆ خەونێکی لە دمدم و
هەویرێکی لە رامبۆ
تۆ شەوێکی لە مۆدێرن و
سەدەیەکی لە فۆلکلۆر
بە تیغی ئەمازۆن ئاودراوی
جۆگەلەیەکی لە فۆلگا پۆشکینی
بە زڕمەی شمشێر تیا کوژراو
رووبارێکی لە کێلەشین
تۆ پەڕێکی لە هەڵەمووت
لاسکێکی لە یاسەمین
رۆمانێکی تەنهای لە بۆدلێر و
شارێکی بچووکی لە قوستەنتین
تۆ دۆزەخیەکی لە کتێبی دانتی و
بەهەشتێکی ونبووی لە میلتۆن
دواجار تۆ قومری سەرباڵی یەهودییێکی ئۆرشەلیمی
بەڵام منداڵێکی نازی ئەی ناز و تا
ببوورە تۆ پۆڕێکی تەریوەی ناو دڵی بازی
ئەو دڵە بپارێزە و بڕۆ
ئاوڕ لە کەس مەدەوە
کە ئاوڕت دایەوە تەڵەسمی تۆ بەتاڵ دەبێ
لێکدانەوەم سەرچیغ دەڕوا و
زمانی مانەوەت لە کتێبی ئەوین لاڵ دەبێ

تۆ هەمیشە رابکە رابکە هەر رابکە
چونکە تۆ بە راکردنەوە جوانی
رابکە هەر رابکە
تکایە ئاوڕ مەدەوە
هەموو ئەوانەی ئاوڕیان دایەوە
بۆ تاوێ گەیشتنە بەهەشت
بەڵام بۆ ئەبەد هاودەمی ئاگر بوون
هەموو ئەوانەش کە بێ پەروا ئاوڕیان نەدایەوە
بۆ ئەبەد گەیشتنە دۆزەخ
بەڵام بۆ ئەبەد هاودەمی خودابوون.



## بۆ زانا خلیل
## دڵشاد عەبدوڵڵا

# چوونە دەرەوەیەک بارتەقای هاتنە ژوورەوەیەک

**بۆ (زانا خەلیل)، دوای خوێندنەوەی دیوانی**

**(چوونە دەرەوەیەک نەماوە بۆ هاتنە ژوورەوە)**

**1**

**شاعیرەکان**
**یاری بە کۆترەکان دەکەن**
**لە ئاگر**

**شاعیرەکان**
**یاری بە ئاگرەکان دەکەن**
**لە کۆتر**

**شاعیرەکان**
**ئاگرن**
**لە پەڕ و باڵی کۆتر.**

2

شاعیرەکانم دی لە زەوی
شاعیرەکانم دی لە زەریا
شاعیرەکانم دی لە مانگ
شاعیرەکان
لە هەموو شوێن
رووناکین

شاعیرەکان
-هەموو شتێکیان دەبینی خۆیان نەبێ-
وەکو رۆژ.

3

-کە لە سەفەر دەگەڕانەوە
لەشیان چەور دەکرد
بە زێد-
کە سەفەریان دەکرد
زێدیان چەور دەکرد
بە شعر.

4

پەڕەسێلکەم دی هێلانەی
بەسەر شانی شاعیرەکانەوە
خەم مەخۆن
سبەینێش
بەسەر پەیکەرەکانیانیەوەن.

5

جەنگێکی جیهانی بەرپا بووە دژی شیعر
شیعریش
لە رۆخ جۆگەکاندا
وردە ماسی خەیاڵی
سەر ئاو دەکەوێ
ماسیگر دندووکیان لێ دەدەن
جەنگ هەر جەنگە
سوپای رەخنەگر بەرپای بکا
یا ماسیگر.

6

شاعیرەکانم دی بە پشتی شاحینەکانەوە
لە یەکەم وێستگەدا
ئینتەرپول دەیانگرێ
بەو هەموو مادە قاچاخانەوە.

7

-لەسەر قەروێڵەی نەخۆشخانە
ژیان نەخۆشە-
دکتۆرەکان لێی خڕ دەبنەوە
دەرزی رەحمەتی لێ بدەن
شاعیرەکان
دایکی خۆیان دەبەنەوە
لەناو ماڵ و منداڵی خۆی بمرێ.

## 8

شاعیرەکان تەماشای مانگ دەکەن
لە قەفەسی داوەریدا
بە موئەبەد حوکم دەدرێ
لەبەر ئەوەی
بە بەرچاوی ئەوەوە
ژنەکان چوونە ناو جێگای پیاوەکان
راپۆرتی لێیان نەداوە
شکایەتی لێ نەکردوون
شاعیرەکان
نەوەی ئەوانەن
کە بە دزی چوونە ناو جێگای ژنەکان
مانگ شایەدە

شیعرەکان سەرتاپایان تریفەیە
بۆ بەرگری لە مانگ.

**9**

له جیاتی باران خەون بە سەوزەڵانییەوە دەبینین
له جیاتی ژیان خەون دەبینین
شاعیرەکان؟

**10**

شیعرەکانم دی له پیاڵەکاندا
مردن هێندەی خواردبووەوە
مەست کەوتبوو
له باوەشی شاعیرەکاندا.

**11**

شاعیرەکان سادە و بێ دەعیەن
پەپوولەی بێ گرێ و گۆڵن
بەسەر شەمەوە

شاعیرەکان نه هەورامین، نه شکاک نه خەیلانی
کوڕی ئاگرن.

## 12

شاعیرەکان
دڵۆپن لە قەوارەی زەریا
ئاسمانی بە قەدەر پەنجەرەیەکن
بەهارن لە پەلکێک
گوێ مەدێ زانا
-ئاو هەزاران رەنگی هەیە-
کە دەمرین
رەنگێک لەگەڵ خۆمان دەبەین
لە کێڵەکانمان دەنووسن
بۆ نموونە:
من پیازیی
تۆ خەنەیی
یان شەرابی
هێندە باسی ژن و شەرابت کردوە.

•ئەو دێرانەی هێمای (-)م بۆ کردوە هی "زانا خەلیل"ن.



# باهۆز مستەفا

# کۆدی دڵی من

تۆ هاکی دڵمتکرد
چەندین کۆدم دانابوو
ئێستا پاسوۆردی دڵی من
لای تۆیە،
ئەستمە کەسیتر بتوانێ
تخونی پەرژینی
ژیانم بکەوێ بەبێ کەشفکردنی
کۆدەکەی تۆ،
رەنگە خۆی بلۆک بکات
لەکاتی هاتنە ناوەوەی دڵم
دەمارەکانی دڵی من
زۆر ناسکە،
ناتوانرێ بە ئاسانی بگۆڕدرێ،
چونکە دەپسێ،
پەنجەکانت لامەدە
با تووشی خوێن
بەربوون نەبێ.



# یۆهان کریستۆف فریدریش شیلەر

# یۆهان کریستۆف فریدریش شیلەر

لە ١٠ی نۆڤەمبەری ١٧٥٩ لە مارباخ ئەم ناکەر لەدایکبووە، لە ١٩ی مای ١٨٠٥ لە ڤایمەر کۆچی دواییکردووە.

شیلەر، شاعیر، فەلەسوف، پزیشك، مێژوونووس بوو. وەك گۆتە یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی ئەڵمانیا، شیعر و دراما و وتارەکانی جێگەی و پێگەی تایبەتییان هەیە لە مێژووی ئەدەبی ئەڵمانی. گۆتە دەڵێ: لەجیاتی بەراوردی من و شیلەر بکەن، باشترە دڵخۆشبن بەوەی دوو نووسەری واتان هەیە.

دوای تەواوکردنی قوتابخانەی لاتینی، لە ١٦ی جانیوەری ساڵی ١٧٧٣ چۆتە کۆلێژی زانستی ماف و سێ ساڵی خوێندووە، پاشان بەشەکەی گۆڕیوە بۆ کۆلێژی پزیشکی. لەگەڵ تەواوکردنی خوێندن لە تەمەنی ٢١ ساڵی درامای (ڕێگرەکان)ی نووسی، کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروستکرد لەو سەردەمە پڕ کێشەیە، دواتر بووە هۆی ئەوەی نەتوانێ بچێتەوە هەرێمەکەی خۆی، لەر لەو کات چووە نێو بزوتنەوەی ڕێبازی (ڕەشەبا و تەکان). دۆستایەتی گۆتە و شیلەر بۆتە ڕووداوێکی مێژوویی لە ئەدەبی ئەڵمانیدا، ئەم هاوڕێیەتییە بووە هۆی ئەوەی کاریگەری هەبێ لەسەر جوانتر نووسین و بەرزبوونەوەی ئاستی نووسینیان، بەیەکەوە بوونە پێشەنگی کلاسیکی ڤایمەر.

شانۆکانی شیلەر بوونە ستانداردی شانۆی ئەڵمان. شیلەر لە هەرێمی ڤوتمبێرگ لەدایکبوو، دوای بووە هاوڵاتی هەرێمی زاکسن- ڤایمەر، لە ساڵی ١٧٩٢ رەگەزنامەی فەرنسی پێبەخشرا.

لە ساڵی ١٧٨٥ چۆتە لاپزیك و لەو ماوەیەدا کە لە لایپزیك بوو جوانترین شیعری نووسی بەناوی ( بۆ بەختەوەری).

# هیوا

زۆر کەس قسە دەکەن و خەون بە رۆژێکی
خۆشتر دەبینن،
بە دوای ئامانجی زێڕین رادەکەن و
راودەکەن،
جیهان پیر دەبێ و دووبارە گەنج دەبێتەوە،
بەڵێ، مرۆڤ بەردەوام هیواخوازە
باشتربێ،
هیوا راپێچی نێو ژیانی دەکات،
بە دەوری گەنجی دڵخۆش هەڵدەفڕێ،
سحرەکەی سەرنجی گەنجان رادەکێشێ
ناخوازێ لەگەڵ پیری بچێتە ژێر خاک
دوای کۆتایی هاتنی ماندوویەتی
لە نێو گۆڕ، ئەو جارێکیتر
لە نێو گۆڕ نەمامی هیوا دەچێنێتەوە،
ئەوە وهمێکی بەتاڵ نییە
لە نێو مێشکی ئەحمەقێکدا
دروست ببێ،
لە دڵەوە بە دەنگی بەرز هاوار دەکات:
بۆ چ شتێکی باشتر لە دایکبووین؟
دەنگی ناوەوەمان چی دەڵێ،
ئەوە روحی پڕ هیوا هەڵناخەڵەتێنێ.



# ئێریش فرید

# پێش ئەوەی بمرم

لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا

جارێکیتر قسە لەسەر
گەرمی ژیان دەکەین
تا هەندێک بزانن:
ژیان گەرم نییە
بەڵام دەکرا گەرمبێ
پێش ئەوەی بمرم
جارێکیتر قسە لەسەر
خۆشەویستی دەکەین
تا هەندێک بزانن:
جاران خۆشەویستی هەبوو
پێویستە زیندوو بکرێتەوە
جارێکیتر قسە لەسەر
بەخت و ئومێدی بەخت
دەکەین
تا هەندێک بپرسن:
ئەوە چی بوو
کەی دووبارە دەبێتەوە؟

# لۆگۆ

وشه‌ شمشێری منه‌
وشه‌ گله‌ییم لێده‌کات
وشه‌ قه‌ڵغانی منه‌
وشه‌ شه‌رمه‌زارم ده‌کات
وشه‌ جێگیره‌
وشه‌ کراوه‌یه‌
وشه‌ ئاهه‌نگه‌ بۆ من
وشه‌ ده‌رچوونی منه‌

# پرسیار و وەڵام

ئەو ژنە لە کێ دەژیت؟
لە خانووەکەی تەنیشت گومان
لەگەڵ کێ خزمایەتی هەیە؟
لەگەڵ مردن و ترس
ئەو ژنە بۆ کوێ دەچێت کە دەڕوات؟
کەس نازانێت
ئەو ژنە لە کوێ هاتووە؟
لە زۆر نزیک، یان زۆر دوور
چەند دەمێنێتەوە؟
ئەگەر بەختت هەبێ، هەتا تۆ لە ژیاندایت
چی لە تۆ دەوێت؟
هیچ، یان هەموو شتێک
ئەو ژنە چی بە تۆ دەبەخشێ،
یان بە من
ئەو ژنە ئەوەندە دەبا و هیچ جێ ناهێڵێ
ئەرێ ئەو ژنە زیندانمان دەکات؟
دەکرێ شەنسمان هەبێ ئازادیمان
پێ ببەخشێت

ئازادبیت لەو، باشە یان خراپ؟
ئەوە ترسناکترینە، کە رووبەڕوومان بێتەوە
ئەرێ ئەو ژنە چییە و
چۆن پێناسە دەکرێت؟
وەکو دەڵێن خوا دەڵێ: ئەو پیاوە ژنەکەیە.



**هوگۆ فۆن هۆفمانشتاڵ**
**١٨٧٤ ـ ١٩٢٩ شاعیر و درامانووس و**
**گێڕەرەوە و لیبرێت نووسی نەمساوی**

# ئەزموون

من باش دەتوانم لە ژنی بێ وەفا تێبگەم
زۆر باش وەکو ئەوەی بتوانم سەیری روحیان بکەم
من دەبینم کە چۆن لە نێوچەوانی ئەوان،
گلەیی بێدەنگ هەڵدەقوڵێ
ئازاری ژیان درێژە، بۆشە، بێژیانە ژیان
من لە چاوانیان دەبینم،
کە چۆن حەزەکان لە دەستدەدەن
بە بێباوەڕی، قەدەغەکان دەهەژێنێ
حەزی لە یارییە، حەز دەکات
هەمووی لەسەر دانێ
حەزی لە بردنەوە و مەستییە،
لە خیانەت و بریندارکردن
من پێکەنین و فرمێسکی نهێنییەکانی دەبینم
ئەم هەموو گەڕانە سەیرە،
ئەو ویستە ئۆقرەبڕە
من هەستدەکەم،
کە ئەو پەلەیەتی بۆ بڕیارێکی گەمژانە
چۆن چاوەکانی دادەخات و خۆی ئازار دەدات
چۆن بۆ هەموو بەیانێک،
هەموو رۆژێک لە گۆڕدەنێت و
چۆن تێناگات، کە کوشتیان.



باهۆز مستەفا
چیرۆك

دکتۆر کە تورە دەبوو دەنگی دەگۆڕا و دەبووە قیژە قیژ. لەسرەی کۆنترۆلی پاسەپۆرت، گوتم: ئەگەر ئینگلیزی دەزانی بە تەنیا برۆ، گەر پێویستبوو یەکسەر دێمە لات.
دکتۆر: ئەدی چۆن نازانم ئەی چەند ساڵە چیمانکردییە.
سرەی دکتۆر هات و رۆیشتە پێش پۆلیسەکە، پێگوت: پاسپۆرت؟ یەکسەر ئاوڕی پێشتەوەیدایەوە و بانگیکردم، وەرە بزانە چی دەوێ!
گوتم: پاسپۆرتەکەی بدێ، پاسپۆرت هەر پاسپۆرتە! پاسپۆرتەکەی لە نێو نایلۆنێکی رەش دەرهێنا و دایە دەستم، منیش دامە دەست پۆلیسەکە.
پۆلیس: بۆ کوێ دەچیت؟

دکتۆر: قابیلە کێوە دەچم؟
دەچمە دوسلدۆرف، لەوێش دەچمە لای دکتۆر.
دکتۆر تووڕە مەبە ئەو پرسیارانە ئاساییە لە هەموو میوانێک دەکرێ.
پۆلیس: پارەت پێیە؟
دکتۆر: ئەی چۆن، کەس بێپارە هاتییە لۆ سەفەر؟
پۆلیس: پارەکەم نیشاندە.
دکتۆر: دیارە سیقەی نییە، ئەو خۆڕییە، یەک سەفتە پارەی دەرهێنا (یۆڕۆ).
پۆلیس: خێرا هەلیگرەوە، وریابە، فەرموو بڕۆ.
رۆیشتینە دەرەوە و لە وێستگەی قیتار وەستابووین زۆر ساردبوو، دکتۆر کراس و پانتۆلێکی قوماشی لەبەربوو، قەمسەلەکەشی لە نێو جانتەکەی بوو گوتی: ئەوە چییە ئەو وڵاتە حیزە لۆ ئەوها ساردە؟
_لەبەر ئەوەی زستانە دکتۆر، مانگی دوازدە لای خۆشمان هەر وایە، سەرەتا پێمنەگوتی ساردە.
دکتۆر: برایا نەهاتبام.
هههەه دکتۆر دوو ساڵە خەریکی ڤیزەیت، تازە پەشیمان دەبیەوە؟




## _هۆتێل ليندنه_

هۆتێلێکی چوار ئەستێرەی خاوێن و بێدەنگ، هەموو شتێکی جوان و ڕێکوپێکبوو، کچێکی جوانی سپی، پرچ زەردی روح سوک گوتی: فەرموون، چۆن دەتوانم یارمەتیتان بدەم.
چووینە بەردەمی داوای دوو ژوورمانکرد.
گوتی: زۆر باشە، با سەیری بکەم.. لەو کاتەی کچە خەیکی کۆمپیوتەرەکەی بوو، ئێمەش بێدەنگ چاوەڕێ بووین، لەم بێدەنگییە کچە سەری بڵندکرد و پرسی ئەو دەنگە چییە؟
منیش تا کچە نەیپرسی هەستم پێنەکرد، گوێمگرت، ناوە ناوە شتێک دەنگێک ( خرچ خرچ، خرچ خرچ) دەوەستا پاشان دەستی پێدەکردەوە! دوورکەوتمەوە نەما، دەهاتمە پێش دەبیسترا! هەستمکرد لە لای دکتۆر ئەو دەنگە دێ، دیقەتمدایێ، دەبینم دکتۆر، دەستی لە ناو گیرفانی پانتۆڵە قوماشەکەی نایە و بێ ئاگا گەمە بە خوردەکانی ناو گیرفانی دەکات.. ئەوم پێڕاگرت بە فێڵێک، ئەوجارە لەسەر ستاندی پێشوازی چوکلاتێکی هەڵگرتوو خواردی، دوایش بە ددانەکانی پارچە پارچەی بچووکی لە کاغەزی چوکلاتەکەی دەکردەوە و لە ناو دەمی لولی دەداو دەیهاوێشت، هەر جارەی بە شوێنێك دەکەوت.



# بۆ سەعدوڵلا پەرۆش

کەمی نووسی
بەڵام جوانی نووسی
سەدای بەرزە، کە راستی دەڵێ
دادپەروەرە لە گێڕانەوەی بیرەوەری،
باش، خراپ
بوێرییەکەی خۆشەویستی دروستکردووە
ئازادیی لە خوێنیەتی
چاوی هەڵۆی هەیە لە ناسین
لۆژیکی لا گرنگە، بەڵام
دڵی سەربەستە.




## پێشانگای کتێب – فرانکفۆرت

هەموو ساڵێك پێنج ڕۆژ لە مانگی ئۆکتۆبەر ١٩ – ٢٣ شاری فرانکفۆرت دەبێتە سەرنجراکێشترین و گرینگترین شوێن لە جیهان بۆ کتێب و مولتی میدیا و کۆمونیکاسیۆن.
لەدەوری دووسەد وهەشتا هەزار میوان چاوەروان دەکرا بۆ ئەم ساڵ، کەچی ژمارێکی زیاتر هات، لەمانە دە هەزار رۆژنامەنووس و زیاتر لە هەزار نووسەر لە تەواوی جیهان. مێژووی ئەم پێشانگایە دوور و درێژە دەگەرێتەوە بۆ

سەردەمی (یۆهانس گوتنبێرگ) داهێنەری پیتی چاپکراو لەگەڵ سێ هاوەڵەکەی یۆهانس فوست، پیتەر شۆفەر، کۆنراد کینکیس، کتێبی چاپکراویان خستە بازاڕ و نمایشیانکرد لە شاری فرانکفۆرت، ئەمەش بۆ پێش 500 ساڵ دەگەڕێتەوە. دوایش شاری لایبزیك بووە ناوەندێك بۆ پێشانگا کردنەوە، ئینجا ساڵی 1949 بە شێوەیەکی فەرمی لە شاری فرانکفۆرت لە (کلێسەی پاولۆس) پێشانگای کتێب کرایەوە و تا ئەمرۆ بەردەوامە.

پێشانگای فرانکفۆرت شوێنی بەیەکگەیشتنی نووسەر و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بازرگانی کتێب و خاوەن کتێبخانەکان و بازرگانی هونەر و گۆڤار و وەکیلەکانی کتێب و رۆژنامەنووسان وهەروەها میدیا نوێکان و خوێنەریشە. سەرەڕایی نمایشی کتێب، ئەم پێشانگایە هەلێکی باش بۆ بازرگانی کتێب لەسەر ئاستی جیهان دەرەخسێنێت بە پێ یاساو مۆلەتەکان.

ئەم پێشانگایە بەتەنها بۆ شتە نووسراوەکان نیە، بەڵکو بۆ میدیای ئەلکترۆنی کە دەمێکە خۆی سەلماندووە.

خاڵێکی گرینگیتری ئەم پێشانگایە فرانکفۆرت (کاریگەری کۆمیك) کە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان بەشدارن و نمایشدەکرێت لەوانە ئەلمانیا , فەرنسا, ئەمریکا بەلجیکیا و یابان و ولاتانی تر کە بەبەرهەمەکانیان بەشدارن .

گرینگیکیتری ئەم پێشانگایەیی کتێب ئەوەیە هەر ساڵێك ولاتێك بەشێوەیەکی تایبەتی داوەت دەکرێت بۆ ئەم ساڵ 2008 تورکیا داوەتکرا بە پرۆگرامێکی کولتوری هەمەلایەنە وەکو نمایشی کتێب وخوێندنەوەو کۆنسێرت و فیلم و

شانۆگەری بە بەشداری سەرۆکی تورکا. بۆ ساڵی 2009 سین داوەتە بۆ ساڵی 2010 ئەرژنتینەو بۆساڵی 2011 ئیسلەندە.

## خەلاتی ئاشتی پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت

پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت سالانە دوو خەلات دەبەخشێت یەکەمیان خەلاتی ئاشتی کە لە ساڵی 1950 وە لەگەڵ کردنەوەی پێشانگای کتێب لە رۆژی پێنجەم لە (کلێسەی پاولۆس ) بەرێوە دەچێت کە بری 25000 هەزار یۆرۆی لەگەڵدایە، ئەم خەلاتە دەدرێتە ئەو کەساتیانەی کە بە بەرهەمەکانیان کاریان بۆ مرۆڤایەتیکردوە یا ئاشتی لە نێو بەرهەمەکانیان رەنگیداوەتەوە لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و زانست. یەکەم کەس ( ماکس تاو ) ساڵی 1950 ئەم خەلاتەی وەرگرت، پاشان چەند کەساتێکیتر وەکو ئیلبەرتشڤایچە و هابەرماس و ئۆرهن پەموك ...

ساڵی 2008 ( ئانزێلم کیفەر ) شێوەکاری ئەڵمانی ئەم خەلاتەی وەرگرت لە دایکبووی ساڵی 1945 لە دۆناوشینگن / ئەڵمانیا لە ساڵی 1993 لە فەرنسا دەژییێت، بەیەکێك لە هونەرمەندە گەورەکانی ئەڵمانیا دەژمێردرێت خاوەنی کۆمەڵێك خەلاتی ترە لەوانە خەلاتی ( هانس تۆما 1982، خەلاتی ڤۆلف بۆ هونەر، خەلاتی یۆرشەلیم 1990، گۆسلارە کایسەرینگ 1991.

# خەلاتی کتێب

هەروەها جگە لە خەلاتی ئاشتی پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت لە ساڵی 2005 وە، سالانە خەلاتی کتێب دەداتە باشترین ڕۆمان بە زمانی ئەڵمانی کە بڕی 37500 یۆرۆیە، هەموو ساڵێك پێنج ڕۆمان هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەم خەلاتە یەکێکیان یەکەم دەبێت و چوارەکەیتریش دەبنە فینالیست. بۆ ساڵی 2008 ( ئوڤە تالکەمپ ) بوو بە ڕۆمانی ( بورج) کە باس لە دوا حەوت ساڵی کۆتای ئەڵمانیای شەرقی دەکات "د د ر" (ئوڤە تالکەمپ ) لە ساڵی 1968 لە شاری درێزدن لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، چەند ڕۆمانێکیتر هەیە لەوانە ( ماسی قرش، خەنەکان، قاوەخانەی پرتوگاڵی. هەروەها یولیا فرانك و کاتەرینە هاکەرو ئارنۆ گایگەر خاوەنی ئەم خەلاتەن .

سەرچاوە:

*www.faz.net.de*
*www.buchmesse.de*
*www.die weltzeitung.de*




**یورگن هابەرماس**

( فەیلەسوف و سۆسیۆلۆگ)

**لە سەردەمە تاریك و وڵاتە دواکەوتووەکان**
**دەبێ نووسەری گەورە دروستبێ.**

یورگن هابەرماس لە 18 / 6 / 1929 لە دوسلدۆرف لەدایکبووە.
هابەرماس یەکێکە لەگەورە فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیا و خۆرئاوا، دوای هیگل و مارکس، فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کرۆکی کارەکانیەتی و هەر بەمەش ناسرا، بەردەوامی وانە وتنەوە لە زانکۆکانی دەرەوە، بەتایبەتی ئەمریکا خاڵی سەرەکی نەبوو لە بڵاوبوونەوەی ناوبانگی، بەڵکو بە وەرگێڕانی نووسینەکانی بوو، بۆ سەر زمانە زیندوەکان , وایلێهات تیۆرەکانی لەسەرتاسەری جیهان گفتوگۆی لەسەر دەکرا، هابەرماس بە جێگری نەوەی پێشخۆی دێت لە تیۆری رەخنە، کە لە قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە دەستپێدەکات بە بەشداری فیکری تایبەت بەخۆی، هابەرماس بەهۆی چالاکی زۆر و لێکدانەوەی فەلسەفی و بەردەوام ئامادەبوونی لەم بوارانە، توانی ماتریالیزمی مێژوویی (مارکس) و پراگماتیزمی ئەمریکی بەیەکەوە ببەستێتەوە، لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری گەشەسەندنی (پایگێت و کۆلبێرگ) هەروەها پسشیۆلۆگی (فریۆد).
هابەرماس یەکێکە لەوکەسانەی کاریگەری زۆری لە سەر زانستی کۆمەلایەتی و مۆرالی کۆمەلایەتی لەئەڵمانیا هەبووە، هەر ئەمەش بوو وایکرد گفتوگۆیەکی فراوانی فەلسەفی لەو ولاتە بێتە ئاراوە، کە لەئەنجامدا کۆمەڵگایەکی گرنگی سیاسی و واقعی مێژووی دورستبێت، هەروەها هابەرماس لە ساڵی 1980 وتارێکی گرینگی بە ناونیشانی (پرۆژە ناتەواوەکەی مۆدێرنە) بڵاوکردەوە تێیدا هێرش دەباتە سەر پۆست مۆدێرنە و لایەنگرانی، کە پێیوایە ئەوان دەیانەوێت سەرلەبەری دەستکەوتە چاك و ئیجابیەکانی مۆدێرنە کە لە ماوەی

دووسەد ساڵی رابردوو بەدەست هاتوون لە ناوی بەرن، بە بۆچوونی هابەرماس چەپی توندڕەو لەگەڵ ڕاستی توندڕەو یەك هەڵوێستن لە دژیاتیکردنی مۆدێرنە و ژێر خستنی دەستکەوتەکانی، هابەرماس دەزانێت کە مۆدێرنە گەیشتۆتە بنبەست، بەڵام پێیوایە ئەمە قۆناغێکە پێشبینیکردنی زحمەتە، چونکە زیاد لە پێویست تاریکە، بەڵام لەگەل ئەمەشدا زیاد لە ئەگەرێکی لە بەردەمدایە.

هابەرماس لە خێزانێکی ئاسایی لە شارۆچکەیەکی بچوك (گومەرسباخ) سەر بە شاری دوسلدۆرف دەژیا، ئەو شوێنەی باوکی کاری تێدا دەکرد، کلیمای(ئاوهەوای) سیاسی خێزانەکەیان وەکو هابەرماس دەڵێت: شێوەیەکی خۆگونجاندن بوو، هەرچەندە مرۆڤ نەیدەتوانی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام جێگای رەخنەی جدیش نەبوو.

سالی 1939 _ 1943 ئەندامی( HJ ) گەنجەکانی هیتلەر بوو، هەر لەم کاتەش پیشەی (سەربازی یارمەتیدەر)ی تەواوکرد، بۆ یەکەمجاریش لەساڵی 1944 نێردرا سەنگەرەکانی شەڕ لە (ڤێست ڤال). هەر ئەمەش بوو تووشی رەخنەیەکی زۆری کرد دوای بڵاوکردنەوەی بیرەوەریەکانی، کە باس لە ژیانی سەرکردەی گەنجەکانی هیتلەر دەکات.

لەساڵی 1949 _ 1954 قوتابی زانکۆبوو لە زانکۆی (گوتنگن، زوریش، بۆن) لەوانەکانی فەلسەفە و پسشیۆلۆگی و ئەدەبی ئەڵمانی و ئابووری دەیخوێند، دوای لە زانکۆی (بۆن) کۆتای پێهێنا بە پێشکەشکردنی تێزێك بەناوی (ڕەها لەمێژوودا) ئەمەش لێکۆلینەوەیەك بوو لەسەر کارێکی (شیلینگ) بەناوی فەلسەفەی کۆنی جیهان.

لەساڵی 1955 هابەرماس (ئوتە ڤیسلهۆفت) دەکاتە هاوسەری و دوای دەبنە خاوەنی سێ منداڵ.
ساڵی 1954 _1959 وەکو ڕۆژنامەنووسێکی ئازاد کاردەکات لە ڕۆژنامەکانی ( میرکور، فرانکفۆرتە هێفتە، دوسلدۆرفە هاندلسبلات، دوای ( تیۆدۆر .و. ئادۆرنۆ) دەیهێنێتە دەزگای لێکۆلینەوەی کۆمەڵایەتی لە فرانکفۆرت ئەممایین، بۆ کارکردن لەسەر تیۆری رەخنە و رەخنەگرتن لە کۆمەلگادا، ئینجا کارکردنی وەکو پرۆفیسۆر لە زانکۆی (هایدلبێرگ و فرانکفۆرت) وانەی فەلسەفە و سۆسیۆلۆگی دەوتەوە، پاشان لەدەزگای (ستانرن بێرگ) لە مونشن دەستی بەکارکرد، لە ساڵی 1994 جارێکیتر گەڕایەوە نێو رۆژنامەنووسی و دژی شەڕی کۆسۆڤۆ لە رۆژنامەی (دی چایت) نووسینی بڵاوکردەوە، لە 1997 وە لە گۆڤاری مانگانەی (پەڕەکان بۆ سیاسەتی ئەڵمانیا و ئینتەرناسیۆنال) کاریکرد.
هەندێك لە بەرهەمەکانی هابەرماس:
(هایدگەر و لوکاس، گۆڕان لە تەکنیك و رەخنەی مارکس، دیموکراتی و جمهوری ئاشکرا، تیۆری و پراکتیك، سیستم و ژیانی جیهان، ئونیڤێرزالە پراگماتیك، پڕۆژەی ناتەواوەکەی مۆدێرنە، لێکۆلینەوەی مێشك و ئازادی حەز ...)
ئەو خەلاتانەی هابەرماس وەریگرتوون:
(خەلاتی هیگل لەشتوتگارد 1973، خەلاتی فرۆید 1976، خەلاتی تیۆدۆر .و. ئادۆرنۆ 1980، خەلاتی یۆرشەلیم، خەلاتی هایدلبێرگە کارل یاسپەر 1995، خەلاتی زانکۆی تەلئەبیب، خەلاتی تیۆدۆر هۆیس 1999، خەلاتی ئاشتی کلێسەی

پاولۆس لە پێشانگای کتێب لە فرانکفۆرت 2001، خەلاتی کیۆتۆ 2004، خەلاتی هەرێمی نۆردراین ڤێستفالن.

سەرچاوە :
www.faz.de
www.wik.org.de
Biographie von Juergen Habermas



# دڵشاد عەبدوڵڵا

**بانگی ئێوارە،**
**کۆترەکانی سەر دیواری مزگەوتی هەڵفڕاند!**

# کۆتایی

پرچی لووڵم بەسەر شان و مل شۆڕ دەکەمەوە
ڕدێن و سمێڵ تێکەڵ یەک دەکەم
ڕۆژنامە ناکڕم
میلی ڕادیۆکەم با بۆخۆی بنوێ
شەر دەستی پێکرد.
سەرم بە زەحمەت خۆی دەگرێ،
لەبەر قورسی خەونەکانی
سێبەرم ڕادەکا لە دووم،
شەڕ دەستی پێکرد.
ماڵم دەخەمە ناو جانتایەک و سبەینەکی زوو
قفڵێکی گەورە لە دەرگا دەدەم
بە پاڵتۆیەکی ڕەش ڕەشی تاریک
دەڕۆم، کۆچ دەکەم
بەجارێ پشتم لەو شەڕە دەکەم.



## پایز

سێبەری درەختێک
کورسیەکی چۆڵ
کەسێک دێ و دادەنیشێ
بەدەم داڵغەوە جگەرە دەکێشێ
جگەرە دەکێشی و داڵغە لێدەدا
کە هەڵدەستێ بڕوا
هەرچی گەڵایە بە دوای دەکەون.

پڵنگێک و پیاوێک بەڕووتی
هونەرمەندێک لە میتاڵ دایڕشتوون.

پڵنگەکە تەماشای بەرپێی دەکا،
پیاوەکە بەچاوی نووقاو تەماشای دوور
کەسیان هەڕەشە نین بۆسەر ئەویتر

## هونەر دڕندەکان دەکا بە دۆست!









# کتێبی "نووسین لەپلەی سفردا"ی "ڕۆلان بارت"

ئەم کتێبەی بارت بە قەوارە بچووکە شەست لاپەڕەیە. کاریگەری زۆرتری لێ دیترا.
پلەی سفری نووسین: نووسەر بێ نووسین، یان نووسینی سپی. ئیشارەت بۆ مالارمێ و کامۆ و بلانشۆ و کارۆل دەکا. ئەم نووسینەی ناو ناوە، خەونی ئۆرفیۆسیی. بەو مانایەی کەسایەتی ئۆرفیۆس فرە بەهرە و توانایە و هەر سەردەمەو بۆ مەبەستێک ئەفسانەکەی بەکارهاتووە.
زمانی مالارمێ وەک ئۆرفیۆس دەتوانێ، ئەوەی خۆشی دەوێ ڕزگاری بکا، بەوەی وازی لێبێنێ وەکو خۆی بژی لەگەڵ سووکە ئاوڕدانەوەیەک.
ساڵانێکی زۆر، فیکری مۆدێرن، بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە نووسەر دەبێ لایەنگیربێ. بە دیاریکراویش لایەنگیریی چینی هەژار و خەڵکی بێکەس و بێلانە ئەرکی نووسەر بێ. جگەلەوەش، دەبوو ئەو جۆرە تەرەفگیرییە لە زمان و شێوازی دەربڕیندا ڕەنگ بداتەوە. بارت لەم کتێبەدا ئەو بابەتە بە شێوەیەکی زۆر نوێ چارەسەردەکا: زمان و شێواز دەبێ بێلایەن بێ جا بابەت هەرچی بێ. نووسەر چەندی بێلایەن دەرکەوێ لە نووسیندا هێندە بابەتیانە مامەلە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکا و لە قازانجی دەقدایە. لێرە هاوکێشەی بابەتی تی. ئێس. ئیلیۆت- م دێتەوە یاد. ئەویش شتێکی لەوجۆرە داوادەکا، کاتێک ڕەخنە لە شیکسپیر دەگرێ لە هاملێت دا و دەڵێ، نەیتوانیوە سۆزی کەسی نووسەر بشارێتەوە لەناو دەقدا.
زمان بە شێوەی ئاسۆیی هەیە، نووسەر لە ڕێی شێوازەوە دەیگۆڕێ بۆ بوونێکی ستوونی. واتا، ڕۆچوون و هەڵکۆڵین

لەناو زماندا. بە شێوەیەکی تر شێواز تایبەتمەندی نووسەرە لە دروستکردنەوەی زماندا.
حاجی قادری کۆیی لەبەر ئەوەی لە کۆیە لە دایکبووە شارەزای سروشتە کە باسی سروشت دەکا، بەڵام زۆربەی ڕستەو و بیرۆکەی ناو تێکستەکانی وەک شارییەک دەتیرێ.
لۆرانس داریل لە ڕۆمانی جین ئۆستن دا کاڤاڤی وەک شاعیری گەورەی یۆنان- ئەسکەندەرییە دەناسێنێ. لەوێ لەسەر زاری کاڤاڤیەوە دەڵێ، کە ژیان تێکچوو سروشت ئاڵۆزە! ئەوەی حاجی هەمان شتە؛ ژیانی تیکچووە لەکۆیە، لە دەست جەهل و شێخ و دەسەڵاتیان، بۆیە ڕووی لە سروشت وەرگێڕاوە.
پرسیاری دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی پارت ئەوەیە: نووسەر دەتوانێ بێلایەن بێ لە نووسیندا کە گەیشت بە ئاستی بەرزی نووسین، ئەی خوێنەر دەتوانێ بێلایەن بێ لەکاتی خوێندنەوەیدا؟
بارت دوای کتێبی " ئەدەب چییە؟"ی سارتەر ئەم کتێبەی نووسی. سارتەر لێکدانەوەیەکی ئەخلاقیی و مێژوویی بۆ ئەدەب کرد. نووسەر لای سارتەر بەرپرسە بەرانبەر ئاریشە جەوهەرییەکان. بۆ خوێنەرێک دەنووسێ کە ئەویش هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکا. بەر لەویش مۆریس بلانشۆ هەندێک بیروبۆچوونی لە ناوەندی ئەدەبی فەرەنساییدا بڵاوکردەوە و پشتی بە هەندێک بۆچوونی مالارمێ بەست؛ کە ئەدەب گەرانەوەیە بۆ ناوخۆی ئەدەب.
پارت وەک کەسێکی چەپ کاری لە پەیوەندی دیالیکتیکی نێو ئەدەب و مێژوو کرد؛ بەوەی زاتی نووسەر ، زاتێکی مێژووییە و سەیروورەی خۆی لە نووسیندا بەرجەستەدەکا. جیاوازی

نێوان وته و نووسینی کرد. که هەریەکەیان زمانێکی جیاواز بەکاردەبەن. زمانی نووسین وەکو چاندنی تۆو وایە، لە دەرەوەی زماندا نەشونوما دەکا. ترسناکی نووسین لەوێوە دەردەکەوێ. نووسین بەریەککەوتنی زاتە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و مێژوو. پێویستی بە زمانێکە لە دەرەوەی زەمەن و شوێن. نووسینەکانی ئەلبێر کامۆ بە نموونە دێنێتەوە. هەر لەو سەروبەندەدا نووسینی سپی ناوی هاتە ناوناوان. کامۆ (ئەفسانەی سیزیف)ی لە پلەی سفردا نووسیوە پێش بارت.
بارت یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی فرانسە کە ئاراستەی هزری بونیاتگەرییان کرد.



## پەڕەگرافێك
## لە وتاری "بۆ دەنووسم؟"

ئەکید، شیعر، وەک لاسکێکی تەڕ، لە قۆناغی لاوییدا دەرکەوت و دواتر قەد و قەوارەی بۆ خۆی دروستکرد. سەرەتا، تۆوێک بوو، ڕەشەبایەک هێنای، نە هیچم لەبارەی تۆوەکە دەزانی، نە ڕەشەباکە. ماندووبوونێکی زۆر و کەمێک بەهرە، کردی بەوەی دەیبینن.
ناڵێم، هەموو ژیانم، تەنیا شیعر بووە. وا بوایە، خێزان و منداڵم نەدەبوو. هێندە هەیە، ڕاستگۆیانە، بەشی هەرە گرنگی ژیانم، بۆ شیعر تەرخانە. دڵنیاشم، خێزانم، ئەگەر بۆ هیچ شتێکم بە وەفا نەبن، دەبێ، ئەو شکۆیە بپارێزن، کە شیعر، بۆ منی فەراهەم کردووە. ئەکید بۆ ئەوانیش.

## پەڕەگرافێك
## لە وتاری "کۆڵانە تەسکەکان"

بەلەمەکان تەسک بوون،
تەسک بوو جێگای نووستنمان.

سان جۆن پێرس

یەکبەخۆم پێمخۆش بوو:
کتێبخانەیەکی کوردیی دەوڵەمەندمان هەبایە.
چەند ئەدیبێکمان خەڵاتی جیهانییان وەرگرتبا.
چ بەختەوەرن ئەو ئەدیبانەی کە چاو هەڵدێنن، پێش خۆیان کەسانی تر ڕێگایان خۆشکردووە لەبەردەمیاندا، لە جیهاندا ناسراون. چی دەکەی؟ لە دایکبوون و هەڵبژاردنی شوێن بە دەست مرۆڤ نییە.
نەک بەربەست و کێشەکان تێت بئاڵێن و بخوازی، ئەگەر چانست هەبایە لە شوێنێکی تر لە دایک دەبووی.
ئێمە وەک سیزیف گاشەی دۆخێکی نالەبارمان بەشانەوە بێ هیچ پێداویستییەکی بەردەوامبوون بە جرەجرِ ڕامانکێشا. ئەلحەق! هیچیشمان بە هیچ نەکرد!





# شەماڵ ئاکرەیی

# 10 هایکۆ

بێدەنگی..
نقوومبوونا ئەزمانی یە
ددەریایا پەیڤان دا.
&&&

ل جەم گولفرۆشان
من چ گول
ژ گرنژینا تە رندتر نەدیتن.
&&&

دەنگێ تە
بایەک بوو
کەلا دلێ من هینکر.
&&&

تۆ ب تەڤ چەکان هاتی
ئەز یێ ب مەتال بووم
نێڕینا تە ئەز هنگافتم.
&&&

دلوپەکا خوەناڤێ
نە خواست ژ بەلگێ بکەڤیت
خۆ ژبۆ بلبلەکی کرە مەی.
&&&

ل شەڤێن بهاران
بتنێ خەیالا تە یە
ژ بایێ فێنک خۆشتر.
&&&

بتنێ دلێ منە
ژ بۆ دیدارا تە
ژ هەر دلەکی ب جۆشتر.
&&&

ما تە نە دزانی
ل پشت دەرگەهی ژی
ئەز تە دبینم؟!
&&&

شەڤەکا لگەل تە
دێ تەڤ هزرێن من سەقا کەت.
&&&

ل ڤالانتاینێ
چ شەمالان هەلناکەم
تۆ بخوە رووناهی.
&&&

# عەڤر

دوو جاران حەز ژ عەڤران دکەم:
دەما ب سەنگا خۆ بەرەڤ ژووردا دهێن و..
دبنە باران.
دەما ب پایەدارییا خۆ بەرەڤ عەڤراز دچن و..
دبنە هەلم و عەڤر.
دوو جاران ژی حەز ژ عەڤران ناکەم:
دەما زۆریێ دکەن،
رۆژێ ژ زەڤییان دگرن.
دەما دقێرینن،
زارۆیەکێ نڤستی دترسینن.



# پارچەیەک ژ هەلبەستا
# (سەربۆرا بەرتەنگا زەردەشتی)

نڤیسین: بورهان شاوی

وەرگێڕان ژ عەرەبی: شەمال ئاکرەیی

ئەسمان یێ شینە ، چیا یێ شینە ، شەڤ ژی.
هێی دارستانێ نە لۆرینە
نێ دەنگێ باهۆزێ ناگەهیتە گوهان..
ئەز ژی ژ چیایێ مژێ هاتیمە
دێ پەسنێن خۆ ژ بۆ کانی و..
سپێدەهییا پایە بلند سترینم..
ئەز ژ چیایان - ژ ئاسمانان
ژ کەڤرەکی کو رۆژ لبن سێبەرا وی یا شل، دنڤیت..

بەرەڤ ژووردا هاتیمە
چاخێ پێنگاڤان دهاڤێژم
ئاگر هل دبیت و ل پشت پێنگاڤێن من رێ روهن دبن..
دلێ من ژ بۆ ستێرەکا ئەسمان لێ بەرتەنگ بووی
یان ژبۆ ستێرەکا ئەسمانی ژبەردا هێلای
یێ بوویە ئەسمان.
ئەز بەرەڤ ژووردا هاتیمە داکو پەسنێن خوە
لسەر دەرگەهێن سپێدەهێ بنەخشینم..
هێی ئاگر دیدەڤان بە:
داگیرکەر بەرەڤ مە هاتن
مینا سوپایەکێ ژ ئێشێ
دگۆتن: دەرد بەرەڤ مە هات..
مەڕمەڕێ چیای پەنا خوە ژ بۆ مە ئینا
یاقووت ژی گریا..
د گۆتن: مرن هات و لبن سیبەرا دارێن مە یێن بلند مرن، مر.
د گۆتن: ل هەمبەر کەسایەتییا من ئاگر کەنیزە بوو
ئوو بەهار بۆ چەندین چەرخان
لبەر دەرگەهێ من راوەستا بوو
لێ دەما هشیار بوویم، ئاگر بوو خوەداڤەند
بەهار ژی بوو شازادەیا وەرزان!!
گەلی ستێران گوهدێرییا سروودا من بکەن
تۆ ژی ئەسمانوو: ژ بۆ شکومەندییا کانییان

ژ بۆ سپێدەهییا خەونێ
ژبۆ هشیارییا تەیسەفۆنێ (2) بسترن
من ژ ئاڤا کەسێ نەڤخواری یە
مە مامز ژی ژ کانیکێن شەڤێ ئاڤ نەداینە..
بۆ مە بەحسا رووبار و هەرێمێن دی دکرن..
بۆ مە بەحسا مەملەکەتین ژ تۆزێ دکرن.
بەحسا تانجێن ژ گیای و  پایتەختێن لسەر خیزی دکرن..
خوەناڤ شوورێن مە دشووت
خوینا مە ژی دنێڤ رەهێن کەڤرانڕا دچیت..
پشتی هنگی چ؟
ئاگر یێ ب رەنگانڤە
رۆژ ژی یا لسەر باژێڕان دهەلێت..
هێی رێ یێن چیای یێن لسەر خەونێن کاوەی نڤستی.
هێی نهینیێن پەنا خوە ژ بۆ کەلهێن زرین ئابادێ برین..
هێی شکەستنا ددلێ سوارچاکی دا مەخەلبوویدەما ئەسپ
خیانەتی دکەت..!
هێی خەرییبیا نهالان ژبۆ دەنگێ ژنەکێ..!
کا بۆ من بەحسا نهێنیێن داروباران بکە
بۆ من بەحسا مەملەکەتا پیرۆزا برووسییان بکە.

یەریڤان (ئەرمینیا) - موسکو / سوباتا 1984ێ

ژ كوما " خوەلييا مەجوسى" 1986ێ

(1) بورهان شاوى: نڤيسەر و رومانڤيس و سەنەماكار و وەرگێرەكێ كوردە ژ دايكبوويێ پارێزگەها (كۆت)ە ل سالا 1955..

(2) تەيسەفۆنێ : باژيرێ المدائن، پايتەختێ دەولەتا ساسانى.

# لۆركا.. هەلبەستڤانێ ئەفسانە و جوانیێ





## بەرهەڤكرن و وەرگێڕان: شەماڵ ئاكرەیی

خۆیایە كو فریدریكۆ گارسیا لۆركا **Federico García Lorca** دهێتە نیاسین وەكو ئێک ژ مەزنترین هەلبەستڤان و نڤیسكار و نیگاركێش و شانۆڤانێن ئیسپانی و لسەر ئاستا جیهانێ ژی ئێكە ژ بناڤدارترین هەلبەستڤانێن سەدەیا بیستێ ..

دێ د ڤی بابەتی دا، ل دیوانا ڤی گەڕناسێ هەلبەستێ بین و هند بەرپەران ژ ژیننیگارا وی هەلدەین و هند ژ هەلبەستێن وی ژی دی دانیینە بەر چاڤێن خۆندەڤانێن هێژا یێن رۆژناما ئەڤرۆ.

ل 5ی مەها خزیرانا ساڵا 1898ێ، ل گوندێ فۆینتی ڤاگێرۆس **Fuente Vaqueros** یێ سەر ب باژێرێ گرانادە

Granadaیێ ئیسپانی زارۆیەک چاڤێن خۆ ب ژیانێ دهەلینیت و پاشڕا دهیتە نیاسین ب (فریدریکۆ گارسیا لۆرکا).

بابێ لۆرکای ئێک ژ جوتیارێن زەنگین یێن وێ دەڤەرێ بوو و خۆدان کێلگەهەکا بەرفەهـ یا چاندنێ بوو، لێ دایکا وی دویر ژ کارێ جوتیاریێ، وێ حەزەکا زۆر لسەر ژەنینا پیانۆیێ هەبوو لەوڕا ژی فریدریکۆ یێ کۆڕێ خۆ ژی، هـی ژەنینا پیانۆیێ دکەت.

لۆرکا هەتا ژیێ 4 سالی، زارۆیەکێ نساخ و لاواز بوو و ل دبستانێ  چ جاران لگەل هەڤالێن خۆ یاری و حەنەک نەدکرن و گەلەک مژویلی گوهدێریکرنا چیرۆکێن گوندییان و سترانێن قەرەچان دبوو، و گەلەک ژ وان چیرۆک و ستranan ژبەرکربوون و هێش شاگرد ل دبستانێ هژمارەک ژ سترانێن فۆلکلۆرێ ئیسپانی سەر ژ نوی ب خەیالا خۆ دادرشتنەڤە و وەکە شانۆ پێشکێش دکرن و نیشانا کەس و کار و مامۆستایێن خۆ ددان.

لورکا پشتی خواندنا دواناوەندی ل کۆلیجا یاسایێ ل زانینگەها گرانادە دهێتە وەرگرتن، لێ خواندنا خۆ ب دویماهی نائینیت و بەر ب مەدریدێ ڤە دچیت و 15 سالان ل وارا دمینیت.

لە سالا 1929ێ، دەلیڤەیەک ژبۆ لۆرکای درۆست دبیت و بەر ب نیۆیۆرکێ ڤە دچیت. لێ بەلێ، ل وێرێ راستی بێزاریێ

دبیت دەما دبینیت کو باژیرڤانییا ئەمریکی گەلەک جوداهی هەنە لگەل باژیرڤانییا ئیسپانی. پاشڕا دزڤریتەڤ ئیسپانیا و دیوانا خۆ یا بناڤێ (هەلبەستڤانەک ل نیۆیۆرکێ) چاپ دکەت.

هەرچەندە لۆرکا، هەلبەستڤانەکێ سیاسی نەبوو، لێ هەلویست و شێوازێ هەلسۆکەفتێن وی سەبارەت ب ئالۆزی و نەتەبایی یا جڤاکی ل ئسپانیا ل وی سەردەمی، لۆرکا ب رەنگەکێ راستەراست ئێخستە دبەرەیێ دژبەری فاشیستێن ئیسپانی و ئالیگرێن جەنەرال فرانسیسنکۆ فرانکۆ Francisco Franco.

لەوڕا ل رۆژین ئیکێ ل شەڕی ناڤخۆیی یێ ئسپانیا، و ل نیڤە شەڤا 19 ئیلۆنا سالا 1936ێ، ژ ئالیێ گرۆپەکێ فاشیستان ڤە دهێتە دەستەسەرکرن و پاشڕا دنێڤبەرا هەردوو گوندێن ئەلفاکار و ڤیزنار Víznar and Alfacar ل رۆژهەلاتا گرانادە د ژیێ 38ێ سالیێ دا دهیتە گولەبارانکرن و ل وی دەمی و هەتا نها کەسێ تەرمێ وی نەدیتی یە و گۆڕێ وی ژی هێش یێ وندایە.

بەرییا لۆرکا بێ گولەبارانکرن، داوی هەلبەستا خۆ هەمبەر بکۆژێن خۆ دخوینیت کو بۆ خۆشتڤیا خۆ ماریانایێ کریە دیاری و تێدا دبێژە:

"ماریانا، مرۆڤ بێ ئازادی چی یە؟
کا بێژە من چەوا دکارم
حەز ژ تە بکەم و ئەز یێ ئازاد نەبم؟
چەوا دلێ خۆ بدەمە تە
ئەگەر دل نە یێ من بیت؟
ئەز دزانم دێ هێمە کوشتن
دێ لە قاوەخانە و گۆڕستان و دێران
ژ تەرمێ من گەڕن
دێ دنێڤ تانکەر و ئەمباران دا
ل من گەڕن لێ من نابینن
سێ تەرمان دێ بینن
دێ ددانێن وانا یێن زێر، ژێ کەن
لێ هەر تم من نابینن."

لۆرکـــــایێ هەلبەســــــتڤان، دهێـــــتە نیاســــــین وەک هەلبەســــــتڤانێ ئەفســــــانە و ســــــەربۆرێن ســــــاکارێن ژیــــــانێ. هەلبەســــــتێن لۆرکــــــای دگەوهەرێ خــــــۆدا، کراســـــەک فۆلکلـــــۆری و میللـــــی لـــــبەرە. لۆرکـــــا ب رەنگەکـــــی راستەراســـــت شـــــێوازی گەهانـــــدنا هـــــزر و بیـــــــــرۆکەیێن خـــــــۆ دگەهینیـــــــــت و هەردەم وەک کەســـــەکێ تەنـــــگەزار و ب نـــــاڵین دهەلبەســـــتین خـــــۆ دا خـــــۆ تینیـــــتە زمـــــان و خـــــۆ وەک مـــــرۆڤەک نە رازی ژ نەریتێن جڤاکی یێن هەرفی ددەتە نیاسین.

لۆرکا هەلبەستڤانەکی خۆدی خەون بوو، و ل بەرییا دەمێ خۆ دژییا و دهیتە گۆتن کو دەما ل زانینگەهێ بوو هەرتم ب مامۆستەیێن خۆ را، ئەو مامۆستەیێن ژ هەلسۆکەفتێن د نە رازی، دگۆت: "دێ سەردەمەک هێت و هوین دێ هەلبەستێن من وەک پرۆگرام ل ڤێ زانینگەهێ بکەنە وانە بۆ خۆندەڤانان".. ئەڤ پێشبینیا وی راست دەردکەڤیت و نها د پرۆگرامێن ئەدەبیاتێن جیهانێ دا لۆرکا دهیتە خواندن.

ژ هەلبەستێن لۆرکای مە ئەڤ هەلبەستە بۆ وە بەرێز وەرگەڕاندینە سەر زمانێ مە یێ شرین:

## "برین و مەرگ"



پێنجێ ئێڤارێ یە

ب درۆستی پێنجی ئێڤارێ یە

لاوەکی کاخەزەکا سپی ئینا

پێنجێ ئیڤاری یە

سەبەتەکا گێچی یا بەرهەڤە

پێنجێ ئیڤاری یە

یا ژ مە مایی، مرنە و تەنێ مرن

پێنجێ ئیڤاری یە

بای پەمبی و هوری  ل پەی خۆ برن

پێنجێ ئیڤاری یە

ئۆکسید و نیکل و شویشە

لە هەر جهی د بەڵاڤن

پێنجێ ئیڤاری یە

نها کۆتر و پڵنگ یێن ب شەڕ دچن

پێنجێ ئیڤاری یە

ئوو ل بیابانێ
گوشتێ رانەکی هەڤرویشی قۆچەکێ دبیت
پێنجێ ئێڤاری یە
دەنگی زڤرێ بلوورەکێ دەست پێ دکەت
پێنجێ ئێڤاری یە
زەنگێن نەخۆش و یێن دویکێلێ دهێن گوهان
پێنجێ ئێڤاری یە
قەلەبالغێن بێدەنگ ل قورنەتان هەنە
پێنجێ ئێڤاری یە
ئوو بتەنێ گایێن دل هشیار تێن دیتن
پێنجێ ئێڤاری یە
دەما خۆها بەفرێ خۆیا دبیت
پێنجێ ئێڤاری یە
دما مەیدان ب یۆدێ تەژی دبیت
پێنجێ ئێڤاری یە
دەما مرن هێکێن خۆ دئێختە نێڤ بریناندا
پێنجێ ئێڤاری یە
پێنجێ ئێڤاری یە
ب درۆستی پێنجی ئێڤارێ یە."

ژێدەر:

_https://en.wikipedia.org/wiki/Federico_Garc%C3%ADa_Lorca

_https://www.poetryfoundation.org/poets/federico-garcia-lorca



# عومەر کەریم

# وێنەی ڕەش و سپی چیە؟

لەسەرەتای دەستپێک و ساڵەکانی زووی وێنەگرتن، وێنەگرتنی ڕەش و سپی، ستاندارتی وێنەگرتن بوو.. دواتر گۆڕدرا بۆ وێنەیەکی تێکەڵاوی رەنگ قاوەیی، کە پێی دەگوترا (sepia)، دواتر لەکۆتایی ساڵانی پەنجاکان، بووە شێوازی تێکەڵەی ڕەنگەکان، (RGB)کە ڕێکخەری ڕەنگەکانە. بەڵام زۆر جار لە خۆمان دەپرسین: لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەی تەکنەلۆژیا کە وادەکات کامێراکانمان ڕەنگی فیگەرەکان وەکوو خۆی بگوازێتەوە، بۆچی ئێمە پەنا دەبەینە بەر ڕەش و سپی؟ یان بۆچی وێنەگرتنی ڕەش و سپی هێشتا زاڵە؟ !ئێمە سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین، کە وێنەی ڕەش و سپی بریتیە لە داچۆڕینی ڕەنگ لەفرێمی هەر وێنەیەک. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هۆکار هەن وادەکەن فۆتۆگرافەر دەست بۆ ئەو شێوازە وێنەگرتنە ببات.



وێنەی ڕەش و سپی لەزۆر حاڵەت ڕەنگ و دیمەنی ناو وێنەکە هەڵدەوشێنێتەوە دەیخاتە بەر قاڵبی ئاواز، یانی لە دۆخی ڕەنگەوە بۆ دەنگ و سەدا و ئاواز دەیگوازێتەوە ! هەروەها یارمەتیدەری چاوی بینەرە بۆ ئەوەی قوڵتر لە بابەتەکان بگات... بۆیە (ڤان بێرگ) دەڵێت: وێنەگرتن بەشێوازی ڕەنگاو ڕەنگ، وەکوو (ڕۆمان)ە. شتەکان ورد نیشاندەدات... بەڵام گرتنی شێوازی وێنەی ڕەش و سپی وەکوو (شیعر)ە، هێز و پەیامەکەی لەوە دانییە کە دەبیندرێ، بەڵکوو لەو شتەیە کە ماوە، یان نیشان نەدراوە!



ئەگەرچی وێنەی ڕەش و سپی، کوالێتیەکی کەم و دیاری کراومان پێدەدات! بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، کە ئەو کوالێتیەی پێمان دەدات کوالێتیەکی ڕەسەنە! بۆیە فێری ئەوەشمان دەکات هەست بە جوانی بابەتەکان بکەین لە غیابی نەمانی ڕەنگدا.

زۆرجار وێنەگرتن بەشێوازی ڕەش و سپی، فێڵ کردنە لەچاوی بینەر بۆ ئەوەی باشتر ببینێ و هەست بە دیمەنە شاراوەکانی ناو وێنەکە بکات. بۆ نمونە: بتەوێ دیمەنی بەیانیانێکی جادوویی، تەماوی نیشان بدەی، بە نەهێشتنی ڕەنگ، تەمەکە زیاتر هەستی پێ دەکرێ، چونکە فڕێدانی ڕەنگەکان هەمووی لەخزمەت و قوربانی ڕەنگی ڕەش و سپی دا دەبن.کە هەموومان دەزانین، تەم:پێکهاتەیەکی سپی پۆشەو زۆر باش دیار دەکەوێ.



لەزۆر حاڵەتدا ڕەنگ سەرلێشێواییەک دروست دەکات بۆ فۆتۆگرافەرو بۆ بینەر! بۆیە لەو حاڵەتانەدا فۆتۆگرافەر دەبێ ژیرانە خۆی لەو لێشاوە دەرباز بکات بە نەهێشتنی ڕەنگەکان ...بە دڵنیاییەوە لەو کاتانەدا فۆتۆگرافەر جەخت لەسەر هەستەکان دەکات، زێتر ڕۆدەچێتە سەر شێوازی گەیاندنی هەستەکان. تراژیدیا بێت، یان خەندە بێت، یان تووڕەیی و دابڕاویی بێت، تا دوایی ....





ڕاستە زۆرجار فۆتۆگرافەر پشت بە ڕەنگەکان دەبەستێت، بۆ لێکترازان و لکاندنی توخمە لێکچو و جیاوازەکان. بەڵام لە شێوازی گرتنی وێنەی ڕەش وسپی لەبری ئەوە، یان بەدیلی ئەوە فۆتۆگرافەر دەبێ سوود لە ڕوناکی جیاواز و هێڵ و شێوەو بۆشاییە نەرێنیی و سادەکان ببینێت.

وێنەی ڕەش وسپی، زۆر جار یارمەتی دەرە بۆ فۆتۆ گرافەر بۆ ئەوەی بتوانێ لەو کاتانەدا وێنەی تێدا بگرێ، کە لە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ ناوێری دەستی بۆ ببەی !بۆ نمونە:کاتی ناوەڕاستی خۆر، واتە نیوەڕۆی تەواو... ئەو کاتانە بۆ وێنەی ڕەنگ زۆر کێشەو نا گونجاوە چونکە ڕەنگەکان ناسروشت دەردەکەون.بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ وێنەی ڕەش و سپی، زۆر بێ کێشەیە، بگرە هەندێ جار سوودیشی هەیە !چونکە سێبەر تۆخە و جوان دەردەکەوێ، هەروەها تیشکیش زاڵە بۆ ڕەنگی سپی.





هەندێ شێوازی تەکنیکی کامێراو بابەتی سوریالی هەن، فۆتۆگرافەر باشتر دەتوانێ لە شێوازی وێنەی ڕەش و سپیدا بەرجەستەی بکات...چونکە ئەو مەبەستێکی دیاری کراوی لە مێشکە، دەیەوێ ئەو مەبەستەی بگات،نەک ڕەنگ لەبری ئەو مەبەستە جێی خۆی بکاتەوە !

حوزن و دڵتەنگی، بەشێوازی ڕەش و سپی کاریگەرو تراژیدیاتر دەبێ، بەڵام نەک بەو مانایەی فۆتۆگرافەر بیەوێ بەزۆر وێنەیەک کاریگەر بکات.بۆ نموونە ئەو وێنەی شاری هەولێر کە هی سەردەمی کۆڕۆنایە، وەک لە وێنەکەدا دیارە کە قەرەباڵغترین شوێنی شار چۆڵە! تارماییەکەی غەمگین داروبەردی پۆشیوە، گومان لەوە دانیە ڕەش وسپی کردنی وێنەکە، زیاتر پەیامەکەی قوڵتر و باشتر گەیاندووە.





ئەوەشمان بیرنەچێ کە هەندێ فاکتەر هەن لەو ڕێیەوە دەتوانین بۆ پۆرترێتێکی نزیک و کلۆس سودیان لێ ببینین. وەک پیری و چرچ و لۆچی تەمەن و سپی تاڵە موو و وشکی و قلیشانی پێست. بۆیە ئەو حاڵەتانە لەوێنەی ڕەش و سپیدا زۆر کاریگەری زیاتر دەبێت !



# بەڕۆژ ئاکرەیی

# ئیلهام ئەسەدی



## لە بەستەڵەکی هەنسک و خۆڵەمێشدا

کوردییەکەی: بەڕۆژ ئاکرەیی

ئیلهام ئەسەدی، ساڵی ١٩٨٥ و لە شاری قوروەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. کۆمەڵناسی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندووە. پانزدە ساڵێکە جگە لە شیعر (بە زمانی فارسی) خەریکی توێژینەوەی پسپۆڕانەیە لە بواری ئەدەبی منداڵان و کۆمەڵناسیی خێزاندا.

ئیلهام کۆمەڵەشیعرێکی بڵاونەکراوەی هەیە و بابەتێکی لەمەڕ فرووغ فەرروخزادەوە نووسیوە، کە شادی نیکخا وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

# کاتی بەرەبەیان

تۆ کە ڕۆیشتوویت
بۆچی بۆنی دەنگت بە سووروشینایی شەودا هەڵگەڕاوە و
ترپەی قوڕگم توند لێ دەدات
بۆچی شوێنپێیەک لە قسەکانت لە زاری باڵندەکاندا
تەنانەت ئاوازێک لەمەڕ ئازادییەوە ناچڕێت
لای تو
نانی ماندوویەتیی کرێکارێک
جوانترە لە ژنانەترین چرکەکان
تۆ کە ڕۆیشتوویت
جارێک لە زیندانەوە
جارێک لە زیندانندا
خوێن لە دەمارەکانتدا ئایا ڕادەکات؟
دەنگی کورسییەکان بۆچی هێشتا دەخولێنەوە
لە کاتژمێری بەیانیدا و
بەر دەبنەوە بەر لە خۆرەتاو
بۆ نێو کۆشی سووروشینەکانی شەو.

# گەڵووەکان

هاوینی مەمکەکانت دەبێت کۆچکردن بزانن
تا بۆنی لەشت لە زەمهەریری زاهیدانەی پزدانت دەرکێشێت
تا گەڵووە بەفراوییەکان
بگەیەنێتە گەرمای گەردنت
سەرما هەڵدەکات
هاوینی مەمکەکانت
دەرفەت بە هەتاوی پاییز نادات

# جوانییەکەت

جوانییەکەت بخەرە لایەک!
لە بەستەڵەکی هەنسک و خۆڵەمێشدا
تەنیاییی زلتر دەبێت
مەیتەکان بەر لە سەربازەکان بەرەو وڵات دەگەڕێنەوە
جوانییەکەت بخەرە لایەک
لێرە تەنیا خەفەتە کە بە ساجۆری پڕەوە لە دایک دەبێت
بە ساجۆری پڕیشەوە دەمرێت

# کۆماری ئیعدام

تۆم لە کۆماردا بینی
لە هوتێلکی ڤیەننا
لە زیندانێکی پایتەختدا

تۆم بە ئیعدام ناسی
لە سەرەی مردووە هەڵمساوەکان بە زاری خوێناوییەوە
لە خەونە چیمەنتۆکراوەکانی نێوان گۆڕەکان

لە کۆماری ئیعدامدا ماچت دەکەم
لە مەودای ئێسقان و چەکدا

تۆم
لە کۆماری ئیعدامدا خۆش دەوێت.



سەرەتا؛ ترسناکە قسە کە تۆ نەتزانیوە و قسەی زۆرت کردووە و شەویش دڵی خۆی هێندە پتەو گرتووەتە مشت، کە خوێنی ئەرخەوانی لێوە دەتکێت .

پاشان؛ شتێکی سەیرە ئەم ژیانە، وەکو بازنەیەک بە هەر لایەکیدا کە بخولێیتەوە، دیسان کۆتاییەکەی تۆیت .

ناوی تۆش کلیلی ماڵە

کە لەنگەری تەنیایی

پەیوەستی هاوئاوازەکان دەکات.

لە کۆتاییشدا :

"گوتم بڵێ ئەمە چییە من خەریکم لەتلەت دەبم‌گوتی هەر وا لەتوپەت بە کز بسووتێ تۆ هیچ مەڵێ"



# نووسین

## یەدوڵڵا ڕوئیایی

### کوردییەکەی: بەڕۆژ ئاکرەیی

_1_

«ئایا چیرۆکیش دەتوانێ ئەوە بداتە خوێنەر کە شیعر دەیدا؟» پرسی.

_بەڵێ، ئەگەر هەر ئەو کارەی لە شیعردا بە زمان دەیکەین، لە چیرۆکیشدا بیکەین. واتا ئەوەی لە شەخسی مندا و لە شەخسی بارستنووسێکدا دەگوزەرێ کە دەنووسێ.

_مەبەست؟

جاران دەمزانی چی دەنووسم. ئەمڕۆ بۆ ئەوە دەنووسم کە بزانم چی دەنووسم. ئەو ڕۆژە دەمزانی کە دەنووسم. ئەمڕۆ دەنووسم کە بزانم .لەم تێڕامانە لە داهاتوودا ڕادەمێنین.

_2_

ئەو شتانەی پێوندییان بە شیعرەوە هەیە، پێوەندییان بە خەڵکەوە نییە. لانیکەم ئەو شتانەی کە شیعر دەبێ لێیان بدوێ، ئەو شتانە نین کە خەڵک لێی دەدوێن. ئەمە هەر ئەو جیاوازییەیە کە دەبێ لێی ڕامێنین. چونکە هەمیشە کاتێک جیاوازیمان لەگەڵ شتێکدا هەیە، واتا لە شتێکدا لەگەڵیدا هاوبەشین. کەواتە بۆچی ئەوەی ئێمە بە ئاسانی دەینووسین، خەڵک بە ئاسانی تێی ناگەن؟

_3_

ئەگەر شانسی ئەوەمان هەبێ کە کەسایەتییەکی دیکە لە خۆمان بئافرێنین، واتا بتوانیین کە بیئافرێنین -ئافراندن بە واتای وردی وشە- بە شێوەیەک کە پشت بەم «ئەفرێندراوە»، بەم کەسە ئەفرێندراوە و بە ئەفراندنی ئەم مرۆڤەی دی کە لە خۆماندا دەیئافرێنین ببەستین، ئەم مرۆیە ئەفرێندراوە ڕازگەلێکی هەن. وەکو هەر ئەفراندراوێک، هەر داهێنانێک، کە ڕازێکی هەیە. کاتێک کە بە مەدەدی نووسین، بە مەدەدی شیعر، پشت بەم کەسە ئەفرێندراوە دەبەستین، مرۆڤی خۆمان فەرامۆش دەکەین، کە لەوانەیە بە شێوەیەک وەلانانی ڕاناوی «م» بێت، وەلانانی «من» بێت، وەلانانی ئێگۆ.

بەڵام کە کارمان بەم منە ئەفرێندراوە نییە و نایخەینە بەرچاو، لەگەڵ خودی خۆماندایین، لەگەڵ منی خوددا. ئەوەیش منی خودە کە دەنووسێ و ئەو منە ئەفرێندراوسە دەئافرێنێ. بە واتایەکی دی دەبێ بڵێم کە من دەنووسم کەواتە هەم .ئایا من هەمیشە دەنووسم؟ لە حاڵێکدا کە تۆ هەمیشە بیر ناکەیەوە. تۆ بڕێجار بیر دەکەیەوە، کەواتە بڕێجار هەیت. منیش بۆیە هەم کە بە نووسین بیر دەکەمەوە، واتا بۆ ئەوەی بیر بکەمەوە دەنووسم. بەڵام هەمیشە ئەو منە ئەفرێندراوە ناخەمە بەرچاو. واتا منیش بڕێجا بیر دەکەمەوە، کەواتە بڕێجار هەم.

## _4_

له شوێنێکی «حەفتا کێل»دا هاتووە کە: «خۆشنووسی جغزی نەزانینە». ئێمە نابێ دڵمان بەم جغزە خۆش بکەین. تەنانەت لە پێش «لامکان»یشدا دەبێ «لا»یەک دابنێین. لە پێش «زەمەن»یش ئەگەر بمزانیبا زەمەن چییە، دامدەنا، وێڕای ئەوە کە «ئەزەل» لە «ئەبەد» چاکتر دەناسم. لە ڕاستییدا من ئەهلی «لا»م، خودی لا، کە "حەللاج" گوتەنی: «ناسنامەی تۆ لە لائیبیەتی ئێمەدایە». مرۆی ئەمڕۆ دەبێ مەمنوونی حەللاج بێت کە لە پێش «هو»یش، «لا»ی داناوە.

هەموو لە ناسنامەی خۆیان دەگەڕێن و لەم لێگەڕانەیشدا بەربوونەتە گیانی یەکتر؛ خۆیان بە ناسنامە نەتەوەییەکان، ناسنامە ئاینییەکان، ناسنامە فەرهەنگی و میلییەکانیان هەڵدەکێشن. لە ڕۆژهەڵاتەوە تاکو ڕۆژئاوا، لە ڕۆژئاواوە تاکو ڕۆژهەڵات. تێکڕا بەربوونەتە گیانی یەکتر تاکو لە «وابەستەیی» بەربەرییەت بهێننە دی» .ناسنامەی تۆ لە لائیبیەتی ئێمەدایە»؛ دەبێ بتوانین لەم گوتەیەی حەللاج تێبگەین، لە پەرەپێدەری ئەو شەمس تەورێزی و لە «کەشفی دیتر» دەبێ حاڵی بین. ئێمە دەبێ بتوانین خۆمان لە دیتری خۆماندا وەلا بنێن و فێر بین کە لە خۆماندا لە باتی ئەوەی بە دوای کەشفی «هو»دا بین بە دوای کەشفی ئەودا بین. ئەویش «دیتر»ە. حەللاج لە پێناو ئەم ئایدیالۆژیایە ئینسانییەدا لە دار درا .چ سوودێکی هەیە کە سێدارەکەی حەللاج ستایش بکەین بەڵام ئەندێشەکەی هەزم نەکەین؟ ئەم هەموو ئەدەبیاتی سێدارەیە بۆ حەللاج، لە شیعر و لە

ڕۆماندا، ئەگەر فێری وەلاتانی ناسنامە و وەلاتانی وابەستەییمان نەکا، دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ زەبر و بێ بەزەیی، دەبێتە خۆشویستنی کوشتار و سەربڕین و هەترەشچوون .من هیچ فەیلەسووفێکم نەخوێندۆتەوە. بەڕاستی هیچیان لێ نازانم. من شتێک نازانم. هیچ نازانم. یان هیچ دەزانم. واتا لەو ساتەدا کە دەنووسم، هەر ئەو ساتە دەنووسمەوە کە دەزانم. ساتێک کە هەڵگری قسەیە، کە قسەیەک لە خۆی لەگەڵ خۆی دەبا نەک میراتی ساتەکانی بەر لە خۆی. جگە لەم قسە هێشتا و هەمیشە سەیرەی سوکرات کە: «چونکە نازانی کە نازانی، پێت وایە کە دەزانی». دوو ئاسنەڕێی هاوتەریب بە پەیڤ دەبەخشن کە لە مندا شتێک بە شتێک ناگەیەنێ، جگە لە گومان کە لە بۆشایی نێوان دوو ئاسنەڕێدا، ڕێ دەکا. بۆشایی نێوان دوو ئاسنەڕێ؟ بڕەبۆشایی، ئیسپەسمان.

## لەگەڵ تۆشدا من تەنیام

ساقی قەهرەمان

کوردییەکەی: بەڕۆژ ئاکرەیی

ساقی قەهرەمان شاعیری ئێرانی، ساڵی ١٩٥٧ لە ئێران لە دایک بووە. دوای شۆڕشی مەلاکانی ئێران ڕووی لە کەنەدا کردووە.

کۆمەڵەشیعرەکانی ساقی بریتین لە: "لە دەرۆوە"، "قەحبەش گیان دەبەخشێ بە"، "ساقی قەهرەمان، هەر ئەمە" و "دەستی منە و دەستم بۆ دەبا".

ساقی کورتەچیرۆکیش دەنووسێ: "بەڵام کە تەنیایت، مانگابوون ئازاری هەیە. "شیعری ساقی بە نەترسبوون لە ئاست تابۆ و بڤەکانی تاک و کۆمەڵگادا ناوبانگی دەرکردووە. ئەو لە شیعر و چیرۆکەکانیدا وەک شتێکی ئاسایی لە چێژ و دووری و پەیوەندی و ئازاری لەش و بەتایبەت لەشی خۆی دەدوێ و هیچ گرنگییەک بەوە نادا کە چۆن دەخوێنرێتەوە و چۆن لێک دەدرێتەوە. هەر بۆیەش "شەرق" بەناوبانگترین ڕۆژنامەی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٧دا بەس بە هۆی بڵاوکردنەوەی گفتوگۆیەک لەگەڵ ساقیدا ڕاگیرا.

ساقی پێی وایە: هەموو کەس دەبێ لانیکەم جارێک مردن تاقی بکاتەوە، بەڵام نەک تا ئەو ڕۆژەی خەریکە دەژی لە

بری ڕوونکردنەوە شتێکی بیهوودەیە، وەک خوێنبەربوونی مانگانە. مەبەستم شیعرە. خوێن دیارە و برین نا. یان خوێن هەیە و هیچ برینێك لە ئارادا نییە. دوو جار کە شیعرێ بخوێنییەوە، یان سێ جار، یان پەیتاپەیتا و دیسان سەرلەنوێ کە بیخوێنییەوە، نەک تەنیا خوێن دەبینی، کە تا پووزی پێ هاتووە، برینیش دەبینییەوە. لەو توێتوێیانەدایە. پەنهان لە پزدانێکدا کە هەموو ڕۆژێ بە بیانوویەکەوە ئۆقرە ناگرێ. شیعر لە خوێنبەربوونی مانگانە دەچێ. هۆنینەوەکەی نا، بەس خودی شیعر. هۆنینەوەکەی شتێکی ترە. لە زایینیش ناچێ. زایین زۆر زۆرتر لە هۆنینەوەی شیعردا دەقەومێ. هۆنینەوە خۆی هونەری خەملاندن و پەرتاوتنە. بەڵام خودی شیعر، لە خوێنبەربوونی مانگانە دەچێ، کە دەڕژێ، لە برینێکەوە کە دیار نییە، کە خودی ڕژانەکەی هۆکاری گوورانی تۆماوێکە کە ئەگەر گوورابا ئەمیر موبارزەدین بە هەر ڕستەشیعرێکی حافز دەبوو جارێک خوێن بڕشێتەوە و بە هەر دێڕەشیعرێکی فرووغیش ژنێک لە قووڵاییی دەریاوە پێی خستبایە سەر زەوی، بەڵام شیعر خۆی لە خوێنبەربوونی مانگانە دەچێ. کە دەڕژێ و ڕەنگی پەڕیوی پێیەکانم سوور هەڵ دەگەڕێنێ تاکوو ڕەنگاوڕەنگ بهێنە بەرچاو..

# خەو

لە خەودا سەردانم دەکەی
دەستەکانت تامی ئەڤینیان لێ دێ
لە خەو کە هەڵدەستم
لە بنی کۆڵانەوە بەرەو هەورەکان لات داوە
دەنگم ناگاتە دەنگت

سەردانم دەکەی
هەناسەت بۆنی ئەڤینی لێ دێ
لە خەو کە هەڵدەستم
لە بنی کۆڵانی

دێی نیگای تۆ ڕەنگی ئەڤینی هەیە
لە خەو کە هەڵدەستم
لە بنی کۆڵان دەمێنییەوە
... بەرد

بانگت دەکەم
نیگام
بە دواتدا هەوا دەدڕێنێ
دەنگم لە ئاپۆڕەی کۆڵاندا بزر دەبێ
بزر دەبم
دیار نیی
دیار ناکەوم

لە خەودا سەردانم دەکەی
خەو هەروەکوو هەناسەیەکی تەنگ لە قوڕگمدا عاسێ دەبێ
لە خەو هەڵدەستم

# تەنیا

**کە گۆزەکانی ئاو... قورس... لەسەر شانتان بوون**
**لەگەڵتان نەبووم**
**کە گۆزە قورسەکان لەسەر شانتان**
**بەر بوونەوە...**
**هەر لەم دەوروبەرە**
**لەژێر ئاسمانێکدا**
**ئەستێرە تاکوجووتەکانم دەژماردن**
**بەختم هێندێک جار باش دەهات و هێندێک جار خراپ**
**هێندێک جار هێندە خراپ کە کەسێ گۆزە ئاوەکەی**
**دادەنا**
**تاکوو بەردێک لە لایەک بگرێ**
**کە من بم**

# خۆشەویستی

خۆشەویستی مرۆڤە
هێندێ جار دڵی پەست دەبێ
هێندێ جار لە قووڵاییی دڵییەوە پێدەکەنێ
دەمانڕەنجێنێ

هێندێ جار باوەش دەکاتەوە...
دەستەکانی دەخاتە سەر کوڵمەکانمان
یان هەڵیان دەگرێ و دەیانخاتە سەر مەمکەکانمان
ئێمەش خەنی دەبین

هێندێ جار
ئارەقە دەنیشێتە سەر تەوێڵی دڵی
دەیەوێ
لە کانیاوێکی فێنکدا نوقم بێ
کە ئێمەین

هێندێ جار
دەیەوێ کە لە فێنکاییی کانیاوەکە دەرکەوت
یەکێک وەکوو هەتاو
نەک وەکو ئێمە کە وەک کانیاوین
بەسەر شانوملیدا بدرەوشێتەوە

هێندێ جار دڵی بۆ خۆی تەنگ دەبێ
دەیەوێ خۆی لە باوەش بگرێ
ئێمە
مخابن دەستەکانی دەگرین و
لە ملی خۆمان دەئاڵێنین.



# لازۆ ئازاد

# مەهێڵە بمریت

خەونم هەبوو
تاڵە ڕەشەکانت کاڵتر و کەمتر ببنەوە و
هێشتا تاریک وەک خوێنی مەییو خۆشم بوێیت
مێشکم خەون بە کوشتنەوە دەبینێت
دڵم بەوری توڕەیە بانگت دەکات
هەرچیت پێ دەکرێت بیکە با نەمریت
با لەناو مندا وەک ئینجانەی بەر پەنجەرەیەک تا خوارەوە
بەرنەبیتەوە
با خەیاڵم بۆت نەبێتە بیرێکی تاریک.

کە یادەوەرییەکان پشتیان لەم ئەڤینە کرد،
کە ڕێگا، شوێن پێکانمانی ون کرد،
باخچەکان لە وێنەکانماندا ڕەنگیان فەرامۆش کرد،
کە تۆ وەک تارماییەکی نەناس ناو جێگاکانت بەجێهێشت،
من دەرگاکان وەک ڕەشەبا دادەخەم.
تەنیایم وەک گورگی هارە
دوای رۆیشتنت، دوای ڕۆیشتنم
جگە لە زامدارکردنت
جگە لە کوشتنت شتێکیتر نازانێت،
بەڵام تۆ مەهێڵە بمریت.

باڵندە ڕەشەکانی نزیک دەریاکەم بینی
ئاماژە بوون بۆ مردنت
بەڵام تۆ مەهێڵە بیربچیتەوە
مەهێڵە وەک ئەستێرەی کشاو بەسەر سنگمدا تێپەڕیت
مەهێڵە وەک جەنگاوەری جێماو لەناو شەڕەکانمدا بکوژرێیت
تۆ لەناو جوڵەی برژانگەکانمدا
لەسەر ڕەنگی پێستم
لەناو دڵی سوورمدا جوانیت.
چونکە من خەونم هەیە
تاڵە ڕەشەکانت کاڵتر و کەمتر ببنەوە و
منیش تاریک وەک خوێنی مەییو خۆشم بووێیت.

# ئێسقانەکان



شەو باڵەکانی کردەوەو ئێمەی بردە ناو گەرمی سەرینە لۆکەکان... ناو پەتووە بە ئاوریشم چنراوەکان،

من وەک بێچووە چۆلەکەی دایکمردوو هەڵدەلەرزیم. جلکەکانی داکەند. لە بیرمە، بەیەکەوە نا یەک یەک...

پەیتا پەیتا باوەشم بە خۆمدا دەکرد و دەمووت: ئەو هەوا ساردە چییە، خۆ ئێستا هاوینە... هاوین؟

ئێسقانم بینی، هێشتا پتەو و پیاوانە.

هێشتا بەهێز و ماندوونەناس.

ئەو شوێنانەش کە پێستێکی بریقەداری برۆنزی  داپۆشیبوون،
من رەنگی مۆر و کاڵی ئەو پەلامارە یەک بە دوا یەکانەم بینی
کە نیشانەبوون بۆ چێژ لەگەڵ ئەو ژنانەی پێیان وابوو دڵیان
لەگەڵدا گۆڕیوەتەوە!

وەک ماری بریندار فیشکاندم
هەر وەک ئەوەی بڵێم:  تۆ کێیت؟ من ئەو ئەڤینە ئاگرینەی
خۆم چۆن بناسمەوە؟

جلکەکانم لە ژێر باڵی شەوەزەنگدا وەک کاژی فڕێدراو
جێمان،

هەوای سارد و شێدار وەک شەونمی ترساو

لەسەر پێستی سپی و ماندووم خەویان لێکەوت.

جگەرەیەکم داگیرساند...

دەم و لێوی خوێناویی و تێرنەبووی ئەو ژنە دزێو و چاو
برسییانە ڕاویان دەنام... من دەمبینی لە گۆشت و سنگی
پیاوێکی پێست برۆنزی  دەخۆن و هەر تێر نابن.

ئەڤینی ئاگرینی خۆم چۆن بناسمەوە کە هەموو شەوێک
جێگا بۆ تەرمێک ڕادەخەم؟

بێدار دەبمەوە و تارماییەک دادەپۆشم؟
ناوی دێنم و سەدای خۆم دەبیستم؟

سنگم پڕە لە قیژە و هێشتا لە جاران بێدەنگترم.
ددانم لەسەر لێوم دادەنێم تا خوێنی لێدێت، ئەو قیژانە دەخەمەوە ناو سنگی خۆم کە لە ناو گەروومدا بۆ دەرباز بوون شەڕیانە ...

ئەوانە هاوارێک نین بهێڵم بەر دونیا بکەون.
دەنگێک نین بهێڵم منداڵان بیبستن.

ئێسقانەکان کە لە پێستێکی بڕۆنزییەوە ئاڵابوون ئەڤینی دزراوی من بوون،

من لە ناو ئەو تاریکاییە دڵڕەقەدا بەسەر یادەوەرییەکانماندا دەکەوم.

# خۆشەویستی بەمەرجی خودبیرچوونەوە

هەرگیز لە خۆت پرسیوە من تا کوێ خۆشویستراوم؟
تا کوێ بەهاو بوون و دەنگم لای خێزان و کەسە نزیکەکانم جێگای بایەخ بووە؟ تا کوێ سەرکەوتن و هەوڵەکانم جێگای دڵخۆشی و شانازی بووە بۆ ئەوانەی بۆم گرنگن؟
پرسیووتە من تا کوێ وویستراوم؟ هاوڕێکانت لەبەر چی هاوڕێتی تۆیان دەوێت؟
تۆ دەزانی مەرجی ئەوانیتر لە بەرامبەر خۆشویستنتدا چییە؟
دەزانم ئەمانە پرسیاری سادە و ئاسانی رۆژانە نین. پرسیارگەلێک نین بخوازین بەدەم خواردنەوەی چاییەکی دارچینییەوە بیری لێبکەین و لە خۆمانی بکەین.
قسەکردن لەسەر سۆز و خۆشەویستی بە گشتی نەک ئاسان نییە بگرە بۆ زۆر کەس کارێکی سامناکە. ئەگەر بێت و تایبەتتریشیکەینەوە بە کەسێک\ کەسانێک کە بۆمان گرنگن ئەوە هەر زۆر ترسناکترە، هەروەک ئەوەیە خۆمان بخەینە ناو بیرێکی تاریکەوە کە هەرگیز ڕێگایەکی ڕزگاربوونمان لەبەردەمدا نەبێت، یان لە ناو ژوورێکی تاریکی بێ پەنجەرە و دەرگادا بین و هیوایەک نەبێت بۆ بینینەوەی ڕووناکی.
ئایا خۆشەویستی هەستێکی سەربەخۆ و ئازادە؟ ئایا لکێنراو نییە بە هیچ شتێکی ترەوە؟ بۆ نموونە ئەوەی دەیانەوێت چۆن بین؟ چۆن بیربکەینەوە؟ چ جۆرە ژیانێک بژین و چۆن

ڕەفتار بکەین؟ بیروباوەڕەکانمان چۆن بن؟ ئایدۆلۆژیامان چییە؟
ئایا بارگاوی نییە بە داواکاری و جێبەجێکردنیەوە؟
مەرجێک نییە بۆ قبوڵکردنمان؟
ئایا وەک خۆت، وەک ئەوەی هەیت وویستراویت؟
ئەم نووسینە هەوڵێکی زۆر بچکۆلە و سادەیی ژنێکە بۆ کەمێک ڕامان لەسەر بابەتی خۆشەویستی لە گۆشەیەکی پەنهانەوە، تەواو پەیوەستە بە ئەزموونی تاکەکەسیی خۆمەوە. گێڕانەوەی هەموو هەستەکانی بینین، بیستن،هەستپێکردن و بەرکەوتنە لەگەڵ ئەوانیتردا.
دیارە هۆشیارم بەوەی ئەم بابەتە زۆر قوڵەو دەکرێت بەچەندین فۆرمی جیاواز و لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە باسی بکەین. یان گەر بمانەوێت هەوڵ بۆ ڕاڤەکردن و توێژینەوە بدەین دەتوانین پەنا بەرین بۆ ئەو تیۆرییانەی کە لە هەموو ئەو زانستانەی پەیوەیستن بە مرۆڤناسییەوە بەرهەمهاتوون. بەڵام ئەوەی هەمیشە جێگای سەرنجی من بووە، گێڕانەوەی سادە و تێرامانی مرۆڤەکان بووە بە ڕیوایەتی خۆیان کە زۆرجار هاوکاربوون بۆ بیرۆکەی نووسین و توێژینەوە و ئەو دیباتانەش کە لە دنیای ئەکادیمیا و لێکۆڵینەوەکاندا نووسەران و توێژەران سوودیان لێوەرگرتوون.

بە هێواشی یان ڕەنگە باشتر بێت بە چرپە پێت بڵێم کە شتەکان بەو جۆرە نین کە هەمیشە بینیومانن و هەستمان پێکردوون و بیرمان لێکردوونەتەوە.
ڕەنگە ئەوە بۆ بەرامبەرەکەمان و زیاتریش بۆ کەسە هەر نزیکەکانمان وەک دایک، باوک، خوشک،برا و هاوڕێکانمان جێگەی سەرسوڕمان بێت گەر ڕۆژێک لە رۆژان لێیان بپرسین تۆ بۆ منت خۆشدەوێت؟ یان گەر چۆن بم تۆ منت خۆشدەوێت؟ و تا کوێ و تا کەی منت خۆشدەوێت؟ بە چ مەرجێک و لەبەرامبەر چیدا سۆز و خۆشەویستی خۆتم پێدەبەخشیت؟
ڕۆژێک کچەکەم بەدەم وێنەکێشانەوە ووتی دایکە ئەگەر منداڵێک لە وانەکانی قوتابخانەدا باش نەبوو دایک و باوکی هەر خۆشیاندەوێت؟ گەر بە دڵی ئەوان جلوبەرگی نەپۆشی و تەنانەت ڕەنگی بۆیەی نینۆکەکەشی بەدڵی ئەوان نەبوو ئایا هەر خۆشیاندەوێت؟ ئەی ئەگەر بڕیاری دا ئیتر کچ نەبێت یان گەر کوڕبێت رۆژێک ئیتر بڕیار بدات کە نایەوێت کوڕبێت ئەو کاتە چی؟
بۆچی کچێکی ١٠ ساڵان بیر لەوە بکاتەوە لە دوارۆژدا ببێتە پزیشک لەبەر ئەوەی باوکی پزیشکە، نەک لەبەر ئەوەی خۆی دەیەوێت؟ کچەکەم پرسی گەر هیچ شتێکی بە دڵی دایک و باوکی نەبوو ئایا هەر خۆشیان دەوێت؟

با بێینەوە سەر گەورەکان، تۆبیرت لەوە کردۆتەوە کە براکەت لەبەر چی تۆی خۆشدەوێت؟ لەبەر ئەوەیە کە براتە و بێگومان براش خوشکی خۆی خۆشدەوێت یان دەکرێت لەبەر ئەوە بێت تۆ کچێکی ئاقڵ و گوێڕایەڵیت وگۆرەوییەکانی بۆ دەشۆیت؟ ئەی پوورت بۆچی لە هەموو میواندارى و کۆبوونەوە خێزانیەکاندا ستایشت دەکات؟ دەکرێت لەبەر ئەوە بێت تۆ کچێکی شەرمن و بێدەنگیت؟ چونکە ئەو پێی وایە بەتەنیا کچی بێدەنگ و شەرمن کچی چاکە و هەر بۆیە خۆشەویستیشە. دوور نییە لە ئێستاشەوە پرۆژەیەکی دابەستە بیت بۆ کوڕەکەی؟
یان باوکە ئازیزەکەت؟ گەر قژە درێژەکەت کورت بکەیتەوە و تەنانەت بخوازیت وەک ستیالێکی نوێش لایەکی بە تەواوەتی تەنک بکەیت هێشتا بە کچی خۆیت دەزانێت؟
هەموو ئەو پرسیارانەی دوودڵی لەسەر هەست و سۆزی مرۆڤ درووست دەکەن بەرهەمی بیرکردنەوە و ژانن، پرسیارگەلێکن هەندێجار تا ڕادەی شوناس وونکردن و کاڵبوونەوەمان دەمانبەن. پرسیارگەلێکن لەبەرامبەر هەموو ئەو (نا) و (نابێت) و (قبوڵنەکراوە) و (کەس شتی واناکەت) و (ئێمە بۆ خۆمانە)و (لەوەتەی هەبووین هەروابووە و هەرواش دەبێت) و (تۆ بۆ قەت بە دڵی ئێمە ناکەیت) و (ئێمە ئەگەر دڵسۆزت نەبین واناڵێین) و (ئەگەر خۆشمان نەوێیت بێگومان دڵت ناشکێنین) ئاسان وەڵام نادرێنەوە.

لە دنیای تۆدا خۆشەویستی ئازاد و سەربەخۆییە یان لکێنرا و بارگاوییە بە مەرج و داواکاریی ؟
من ئێستا سی و شەش ساڵم، دەتوانم بڵێم تا ئێستا زۆرجار کەوتوومەتە بەردەم پرسیاردانان لەسەر هەست و خۆشەویستی کەسە نزیکەکانم .گومان و دوودڵییەکانشم لەم ڕووەوە زۆربەی جارەکان لەو کاتانەدا بوون کە من بە پێوەر ، یاساو ڕێساو، دابوونەریت و وویستە تاکەکەسیەکان و داواکاریی خێزان و زۆرجاریش کۆمەڵایەتییەکانیانەوە نەجوڵاومەتەوە.
ئەو کاتانە بووە کە ئاوڕدەدەیتەوە و ئیتر بە کچە ئاقڵ و گوێڕایەڵەکە ناناسرێیت، ئاوڕدەدەیتەوە و تەنیا لەبەر ئەوەی داوای مافە زۆر سەرەتاییەکانی خۆتت کردووە ئیتر کچە سەلار و سەنگینەکە نیت کە پورت بیەوێت پرۆژەیەک بیت بۆ کوڕەکەی (کە مافی خۆتە پرۆژە نەبیت بۆ هیچ کەسێک جگە لە خۆت)، ئاوڕدەدەیتەوە و هەر لەبەر ئەوەی هاوژیانی خۆت بە وویست و دڵی خۆت هەڵبژاردووە ئیتر حاشالێکرا و نەویستراویت، ڕەنگە پرۆژەیەکی خێزانەکەشت بیت بۆ تۆڵەسەندنەوە و کوشتن!
کەی یەکەم جار لە ئەنجامی گرژییەک،ڕووبەڕووبوونەوەیەک یان هەر ئەوەی ڕاوبۆچوونێکی سەربەخۆی خۆت هەبووە

باجی کەمبوونەوەی خۆشەویستی ئەوانیترت داوە؟ یان گەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بووبێ لێێ بێبەری کراویت؟
چەند جار لەسەر ئەوەی بە دڵی ئەوانی تر خۆت نەگۆڕیوە چوونە دەرەوەکەت هەڵوەشێنراوەتەوە، نەک تەنیا ئەوە تەنانەت بە زارەکی و بە جەستەیش توندوتیژیت بەرامبەرکراوە؟ خوێندنەکەت بە دڵی ئەوانیتر هەڵنەبژاردووە و شکێنراویت و بەشکستخواردوو سەیرکراویت؟ بە دڵی ئەوان هاوژیانییت لەگەڵ کەسێکیتر نەکردووە و بە بێڕەوشتیان نەزانیویت؟ چەند جار بە ناوی ئەو هەموو خۆشەویستییە مەرجدارەیانەوە تۆ ویست و ئارەزوو و هیوا و خەونەکانی خۆت ناشتووە؟ چەند جار بێدەسەڵاتی و زەلیلی و بێزمانی خۆتت هەست پێکردووە؟ چەندجار لە بێ بەهاکردن و بێدەنگکردن و نەبینینتا خۆتت لەبەرچاو تاریک بووە؟
چەندجار پرسیارت لەسەر ڕەوشت و ویست و داواکارییەکانی خۆت داناوە و ڕێگایی خۆت و ژنبوونت وونکردووە؟
من ئێستا سی و شەش ساڵم و هێشتاش دڵنیانیم خۆشەویستی هەستێکی نەلکێنراو و بێبەرامبەر و سەربەخۆیە یان هەستێکە وەک پاداشتە و بەمەرجی خودبیرچوونەو و ئاوێتەبوون لە ویست و داواکارییەکانی ئەواندا پێتدەبەخشرێت!

لازۆ ئازاد_ مارسی2021